# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمــاره (٦٠) ٢٧٢٤ی کــوردی ٢٠٢٤ی زایینــی

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە (٦٠)    ٢٧٢٤ی کوردی    ٢٠٢٤ی زایینی

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار

حەمەسەعید حەسەن کەریم



سەرنووسەر:

**پ.د. کاروان عومەر قادر**

بەڕێوەبەری نووسین:

**د. پەخشان فەهمی فەرحۆ**

دەستەی نووسەران:

- **پ.د. قەیس کاکل تۆفیق**
- **پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر**
- **پ.د. بەختیار سەجادی**
- **پ.د. فەرهاد قادر تۆفیق**
- **پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف**
- **پ.ی.د. نەوزاد ئەسوەد ئەحمەد**
- **د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد**

دەستەی ڕاوێژکاران:-

- **پ.د. میشێل لیزەنبێرگ**
- **پ.د. مارتن ڤان برونسن**
- **پ.د. جەلیلی جەلیل**
- **پ.د. ساڵح ئاکین**
- **پ.د. جەعفەر شەیخولئیسلامی**
- **پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك**
- **پ.د. هاشم ئەحمەد زادە**



http;//gov.krd/ka    ISSN: 2520-4106    **هەولێر - شەقامی هەڵەبجە**

# کەسایەتییە کوردەکان لە کتێبی (دُرُ الحَبَب في تاريخ أعيان حَلَب)ی مێژوونووس (ابن الحنبلي م:٩٧١ک/١٥٦٣ز)

م. سازگار عثمان یحیی

بەشی مێژوو / کۆلێژی ئاداب
زانکۆی سەلاحەددین – اربیل
Sazgar.yahya@su.edu.krd

د. کوثر اسماعیل حسین

بەشی مێژوو / کۆلێژی ئاداب
زانکۆی سەلاحەددین – اربیل
kawther.hussein@su.edu.krd

**پوختە:**

ئـەم توێژینـەوە بـە ناونیشـانی کەسـایەتییە کـوردەکان لـە کتێبـی (دُرُ الحَبَـب في تاريـخ أعيـان حَلَـب)ی مێژوونـووسی حەلـەبی (ابـن الحنبـلي م:٩٧١ک/١٥٦٣ز). توێژینەوەیەکـی مێژووییـە لـە بـارەی کەسـایەتییە کـوردەکانی نێـو ئـەم کتێبـە. تۆمارێکـی مێژوویـی دانسـقەیە بـۆ گێڕانـەوەی سەرگوزشـتەی کەسـایەتییە کـوردەکان، بەڕەسـەنیی زانیارییـە مێژووییـەکان دەناسرێـت، ژیننامـەی کەسـایەتییە کـوردەکان لـەم تۆمـارە جۆراوجـۆرن هەمـوو چیـن و دەسـتەی لـە خۆگرتـووە لـە ژیننامـەی خـاوەن پۆسـتە کارگێـڕی و ئایینیـەکان، دادوەران، موفتـی بەناوبانـگ، زانـای پایەبـەرز، شـەرعزان، هەروەهـا سەرگوزشـتەی خەڵـکان لـە چینـی گشـتی لـە میوزگـژەن و بەرگـدروو و بـازرگان و هـەر کەسـێکی نـاسراو لەنێـو خەڵکـدا. ئـەم تۆمـارە مێژووییـە یەکـەم سـەرچاوەیە لـە مێـژووی سـەدەکانی ناوەڕاسـت نـاوی (بُزَیْـن - بزێنـی) هێنـاوە وەک هۆزێکـی کـوردی ناسـاندویەتی.

کلیلەوشە: در الحبب، ابن الحنبلي، مێژوونووس، حەلەب، کورد

**پێشەکی:**

شـاری حەلـەب لـە کۆتاییـەکانی سـەردەمی دەسـەڵاتداریەتیی مەمالیکـی جەرکـەسی (٧٨٤-٩٢٣ک/١٣٨٣-١٥١٧ز) و سـەرەتاکانی دەسـەڵاتداریەتیی دەوڵـەتی عوسـمانی (٦٩٩-١٣٤٢ک/١٢٩٩-١٩٢٣ز) مێژوونـووس و زانایەکـی زرنگـی بەنـاوی (ابـن الحنبـلي م:٩٧١ک/١٥٦٣ز) تێـدا هەڵکـەوت، کتێبـە مێژووییەکـەشی بەنـاوی (در الحبـب في تاريـخ أعيـان حلـب) تۆمارێکـی مێژوویـی گشـتگیری شـارەکەیە، لـە دوو بـەرگ و دوو بـەش چـاپ کـراوە، لەلایـەن (محمـود أحمـد الفاخـوري و يحيـى زكريـا عبـارة) سـاغراوەتەوە. کـۆی گشـتی شـەش سـەد و سی وسـێ ژیننامەیـە، لـەو ژمارەیـە ژیننامـە بەڕەسـەن حەلەبیـەکان زیاتـر لـە (سـێ سـەد و سی و سـێ) ژیننامەیـە هەروەهـا زیاتـر لـە (سـێ سـەد) ژیننامـەش تایبـەت کـراوە بـە نـاودارانی شـاری حەلـەب. لەکـۆی گشـتی، ژیننامـەی نزیکـەی چـل کەسـایەتی کـوردی تێـدا تۆمـار کـراوە. سەرگوزشـتەی تـەواوی چیـن و توێـژەکانی کۆمەڵگـەی حەلـەبی لەخۆگرتـووە کەتایبەتـە بـە مـاوەی (نیـوەی دووەمـی سـەدەی نۆیەمـی کۆچـی تـا دوای نیـوەی دووەمـی سـەدەی دەیەمـی کۆچـی/ نیـوەی دووەمـی سـەدەی پـازدەی زاینـی تـا دوای نیـوەی دووەمـی سـەدەی شـازدەی زاینـی).

پەرتووکـی (در الحبـب في تاريـخ أعيـان حلـب) تۆمارێکـی دەوڵەمەنـدە بـۆ باسـکردنی سەرگوزشـتەی کـوردانی شـارەکە، بـە وردی و تێروتەسـەلی تـەواوی وردەکارییـەکان بـاس کـراوە هـەر لـە نـاوی تـەواوی و ناسـناو و ناوبانگـی و سـاڵ و شـوێنی لـە دایکبـوون، خـاوەنی ژیننامەکـەی دەگەڕانـدەوە بـۆ ئـەو شـارەی تیایـدا لەدایـک بـووە یـا تیایـدا پێگەیشـتووە یـا تیایـدا نیشـتەجێ بـووە، هەروەهـا ناسـناوی شـوێنەکەی کـە وەری گرتـووە، ڕێکـەوتی کۆچـی دواییـی وەک ڕێکـەوتی لـە دایکبـوون گرنگـی پـێ دراوە لـەم تۆمـارە مێژووییـە. پەرتووکەکـە بـە ژیننامـەی زانـای کـورد (ابراهيـم بـن أحمـد بـن يعقـوب الكـردي القصيـري الشـافعي٨٥٠-٩٣٣ک/١٤٤٦-١٥٢٦ز) دەسـتپێدەکات. سەرگوزشـتەو گێڕانـەوەکانی ئـەم مێژونووسـە دەربـارەی کەسـایەتیە کـوردەکان لـەم کتێبـە گرنگـی تایبەتیـی خـۆی هەیـە، بەڕەسـەنی زانیارییـە مێژووییـەکان دەناسرێـت، مێژوونـووس خەڵکـی شـاری حەلـەب بـوو هاوسـەردەمی ئەوانـە بـوو کـە ژیننامـەی تۆمارکـردوون و ئاشـنایەتی و پێوەنـدی لەگـەڵ بەشـێکی زۆری کەسـایەتییە کـوردەکان هەبـووە. نابێتـە زێدەڕۆیـی ئەگـەر بگوتـرێ کتێبـی (در الحبـب في تاريـخ أعيـان حلـب) لـە سـەرچاوە دەگمەنەکانـە بـۆ زانینـی ژیـانی نـاودارانی کـورد لـە شـارەکە لـەو مـاوە مێژووییـە، هەندێـک زانیـاری تۆمارکـردوە لـە هیـچ سـەرچاوەی دیکـەی نەهاتـووە بووەتـە سـەرچاوەی بنـەڕەتی بـۆ مێژوونووسـانی دوای خـۆی.

یەکێـک لـەو کتێبـە مێژوویانـەی زانیـاری ڕەسـەنی دەربـارەی کـورد تێـدا تۆمـار کـراوە، هیـچ توێژینەوەیەکـی مێژوویـی سـەربەخۆی بـۆ تایبـەت نەکرابـوو پێویسـتی بەهێنانـە بەربـاس و سـاغکردنەوە هەبـوو، پێویسـت بـوو لـە چوارچێـوەی توێژینەوەیەکـی سـەربەخۆ کەسـایەتییە کوردەکانی نێـو ئـەم کتێبـە بخرێتەبـەر بـاس. ئـەم توێژینەوەیـە سـەرەڕای پێشـەکی، چـوار تـەوەری سـەرەکی لـە خۆگرتـووە. تـەوەری یەکـەم تایبەتکـراوە بـە ژیننامـەی مێژوونـووس و پەیـڕەوی لـە نووسـینەوەی مێژوویـی لـە کتێبـی (در الحبـب فـی تاريـخ أعيـان حلـب) هەروەهـا پێوەنـدی مێژوونـووس لەگـەڵ کـورد. هەرچـی تـەوەری دووەمـە پلـەو پۆسـتە کارگێـری و ئایینیـەکانی کـوردانی لـە خۆگرتـووە، ژیننامـەی کـوردە سـۆفیەکان و شـێخانی تەریقـەت لـە تـەوەری سـێیەم تاوتـوێ کـراوە، لـە کۆتـا تـەوەرە کەسـایەتییە کـوردەکان لـە چینـی گشـتی و خـاوەن پیشـە جیـاوازەکانی لەخۆگرتـووە. ئەنجـام و لیسـتی سـەرچاوەکان لـە کۆتاییـی توێژینەوەکـە خراوەتـە ڕوو.

کەسـایەتییە کـوردەکان لـە کتێبـی (در الحبـب في تاريـخ أعيـان حلـب)ی مێژوونـووس (ابـن الحنبـلي) کـە بابـەتی توێژینەوەکەمانـە، بـۆ نووسـینی بـە پلـەی یەکـەم سـوود لـە کتێبـی (در الحبـب) وەرگیـراوە، هەروەهـا کتێبەکـەی مێژوونـووس (السـخاوي م:٩٠٢ک/١٤٩٧ز) بـە ناونیشـانی (الضوء اللامـع لأهـل القـرن التاسـع). زانیاریـی دەگمـەنی لەبـارەی کـورد تێـدا تۆمارکـراو و مێژوونـووس (ابـن الحنبـلي) وەکـوو سـەرچاوەیەک پشـتی پێبەسـتبوو لـە نووسـینەوەی کتێبـە مێژووییەکـەی. هەورەهـا کتێبـی (الكواكـب السـائرة بأعيـان المائـة العـاشرة) ی مێژوونـووس (الغـزي م:١٠٦١ک/١٦٥٠ز) سـوودی لـێ وەرگیـراوە. سـەرەڕای هەندێـک سـەرچاوەی دیکـە کـە لـە لیسـتی سـەرچاوەکان ڕێکخـراون.

**تــەوەری یەکــەم: ژیننامــەی مێژوونــووس (ابــن الحنبــلي) و پێــڕەوی لــە کتێبــی (در الحبــب في تاريــخ أعيــان حلــب)**

**أ: ژیننامەی مێژوونووس (ابن الحنبلي)**

**١. ناو و بنەچە و ناسناوی**

نــاوی تــەواوی (محمــد بــن ابراهيــم بــن يوســف بــن عبدالرحمــن بــن الحســن الحلبــي، الربعــي[١]، التــادفي[٢] الحنفـي القـادري[٣]. ناسـناوی (رضي الديـن أبـو عبداللـه). (ابـن الحنبــلي، ١٩٧٢، ١/١/مقدمــة المحقــق٧م؛ ابــن العــماد، ١٩٨٦، ١٠/ ٥٣٣؛ الغــزي، ١٩٩٧، ٤٢/٣؛ الخفاجــي، ١٩٦٧، ١٦٩/١؛ ابــن الطبـاخ، ١٩٨٩، ٥٩/٦). بـە (ابـن الحنبـلي) ناوبانگـی ڕۆیشـتبوو. (العـرضي، ١٩٨٧، ٣٦). ئـەم ناسـناوە دەگەڕێتـەوە بـۆ مەزهـەبی باپیــرەی (عبدالرحمــن الربعــي التــادفي م: دوای ٨٣٢ک/١٤٢٨ز) بــە حەنبــەلی ناسرابــوو، دادوەری مەزهــەبی حەنبــەلی بــوو، هەروەهــا بنەماڵەکــەی پارێــزەری پۆســتی دادوەری حەنبــەلی بــوون لــە شــاری حەلــەب. (ابــن الحنبــلي، ١٩٧٢، ١/١/مقدمــة المحقــق٧م ، ٧٤٩-٥٦٤، ٢/٢/ ٥٤٨- ٥٥٤؛ ابــن الحنبــلي، ١٩٨٧، ٢٣).

**٢. لەدایکبوون و کۆچی دوایی**

لــە دەستنووســێکی کتێبخانــەی ســوڵتانییەی میــسری هاتــووە کــە دەســت مێژونــووس (ابــن الطبــاخ) کەوتــووە دەردەکەوێـت مێژوونـووس (ابـن الحنبـلي) لـە حەلـەب سـاڵی (٩٠٨ک/١٥٠٢ز) لەدایــک بــووە و تیایــدا نیشــتەجێ بــوو و پــێ گەیشــتووە. دەربــارەی کۆچــی دواییەکــەی لــەڕۆژی (چوارشـەممە/ سـێزدەی جـماد الاول)ی سـاڵی (٩٧١ک/١٥٦٣ز) هــەر لــە حەلــەب، لــە گۆڕســتانی پیاوچــاکان لــە نزیــک گــۆڕی (شــيخ الزاهــد محمــد الخاتــوني م:٩٥٠ک/١٥٤٤ز) بەخــاک ســپێردرا. (الطبــاخ ،١٩٨٩، ٦٠/٦؛ ابــن الحنبــلي،١٩٧٢، ١/١/ مقدمــة المحقــق ٧م-٩م).

**ب: پێــڕەوی لــە نووســینی کتێبــی مێژوویــی (در الحبــب في تاريــخ أعيــان حلــب)**

کتێبــی (در الحبــب في تاريــخ أعيــان حلــب) یەکــەم پەرتــووک و دانــراوی مێژوویــی (ابــن الحنبــلي)ە. چونکــە پێــش دانــانی ئــەو کتێبــە گرنگــی بــە بابــەتی مێــژوو نەدابــوو. (ابــن الحنبــلي، ١٩٧٢، ١/١/مقدمــة المحقــق٢١م). مێژوونــووس (ابــن الحنبــلي) هەرچەنـدە لەپێشـەکی کتێبەکەیـدا تـەواوی ئـەو ڕێبـازەی بـاس نەکــردووە کــە لــە دانــانی پەرتووکەکەیــدا پێــڕەوی کــردووە، بـەڵام ئـەوەی لـە خوێندنـەوەی کتێبەکەیـدا بەرجەسـتە کـراوە دەخەینـەڕوو:

مێژوونــووس ڕێبــازی (ئەلــف و بــێ) ی پەیــڕەو کــرد لــە ڕێکخســتنی ژیننامــەکان بەگوێــرەی پیتــی یەکەمــی نــاوی خـاوەن ژیننامەکـە. بـە سەرگوزشـتەی زانـای کـورد (ابراهيـم بــن أحمــد بــن يعقــوب الكــردي القصيــري[٤] الشــافعي٨٥٠-٩٣٣ک/١٤٤٦-١٥٢٦ز) کتێبــە دەســت پێــدەکات. (ابــن الحنبــلي، ١٩٧٢، ٢٢/١/١). بــە ژیننامــەی موریــد (ابــو يزيــد أحمــد المعـري الادلبـي الشـافعي الصـوفي م: سـێیەکی کۆتایـی سـەدەی دەیەمــی کۆچــی/ ســێیەکی کۆتایــی ســەدەی شــازدەی زاینــی) کۆتایــی هاتــووە. (ابــن الحنبــلي، ١٩٧٤، ٦٢٢/٢/٢).

ڕێبـازی پێڕەوکـراو لـەم کتێبـە، مێژوونـووس سـەرەتا بەنـاوی یەکەمـی ژیننامەکـە، پاشـان ناسـناوی ئایینـی ئەگـەر هەبوایـە وەکــوو (برهــان الديــن و شــهاب الديــن). هەروەهــا گرنگــی دەدا بـە ناسـناوی ئایینـی باوکـی ژیننامەکـە یـا باپیـرەی یـا ئـەو ناسـناوەی کــە بنەماڵــەی کەســەکە ناوبانگــی پــێ دەرکردبــوو. ئـەو ژیننامانـەی تۆماریکـردوە زیاتـر ئـەو کەسـانەن کـە پێیـان سەرسـام بــوو لــە خانەوادەکــەی و مامۆســتاکانی هەروەهــا سەرگوزشـتەی زۆرێـک لـەو خەڵکانـەی لـە حەلـەب نیشـتەجێ بــوون لــە (حەمــوی و حمــصی و تەرابلــسی و دیمەشــقی و حیجـازی و میـسری و مەغریبـی و هینـدی و ڕۆمـی و عێراقـی و کــوردی) تۆمارکــرد. (ابــن الحنبــلي، ١٩٧٢، ١/١/مقدمــة المحقــق ٢٢-٢٣م، ٢/١/ ٣٤٣، ٨٨٣، ٥٩٠/١/١، ١٤٠/١/١، ٨٥/١/١، ١٦٥، ٢٨٤/١/١).

مێژوونــووس ژیننامەکــەی دەگەڕانــدەوە بــۆ ئــەو شــارەی تیایــدا لەدایــک بــووە یــان تیایــدا گــەورە بــووە یــا تیایــدا نیشــتەجێ بــوو، ناســناوی شــوێنەکەی وەرگرتبــوو وەکــوو دیمەشـقی یـا حەلـەبی ، یـا ئەمـاسی یـا بـابی، یـا دەیگەڕانـدەوە بـۆ نەتەوەکـەی وەک کـوردی یـا جەرکـەسی، یـان دەیگەڕانـدەوە بـۆ هۆزەکـەی ئەسـەدی، ئومەویـی، ئالالانـی، یـا سـندیە، یـان بــۆ پیشــەکەی وەکــوو بەرگــدروو، بــازرگان، حەمامچــی یــا ســەندوقچی. (ابــن الحنبــلي، ١٩٧٢، ١/١/ مقدمــة المحقــق٢٣م-

٢٤م، ابــن الحنبــلي،١٩٧٢، ٢٠١/١/١، ٦٨٧؛ ٥٠٤/١/٢، ٨٨٧، ٢/١/ ١٠٠٣-١٠٠٤؛ ١٥٩/١/٢).

ژینامــەکان لەکتێبــی (در الحبــب) جۆراوجــۆرن. هەمــوو چیــن و دەســتە و کۆمەڵــەکانی لەخۆگرتــووە لــە دەســەڵاتداران و میــرەکان و خــاوەن پلــە ســەربازییەکان و پلــەدارانی دادوەری و خــاوەن پلــە و پۆســتە کارگێــری و ئایینیــەکان، ئــەم پەرتووکــە تۆمــارکاری ژیــانی زانســـتی و ڕۆشــنبیری و کۆمەڵایەتییــە، مێژوونـــووس بــاسی زانایــانی پایەبــەرز وســۆفی وشــێخانی تەریقــەت و خـــاوەن تەکیــە و زاوییــەکان و پیاوماقــووڵ و خــاوەن پایــەکان و شــاعیران و نووســەرانی کــردووە، هەروەهــا بــازرگان و خــاوەن پیشــەکان و ئەوانــەی ناوبانگیــان ڕۆیشــتبوو لــە کۆمەڵگــە ناسرابــوون هەمــوان لــە تۆمــارە مێژووییــە باســیان کــراوە. (ابــن الحنبــلي، ١٩٧٢، ١/١/ مقدمــة المحقــق ٢٤م-٢٩م).

**ت: پێوەندی مێژوونووس (ابن الحنبلي) لەگەڵ کورد**

مێژوونـــووسی حەلــەبی (ابــن الحنبــلي) لــە بنەماڵەیەکــی خانــەدانی حەلــەب بــوو بــاب و باپیــرانی لــە پایەبــەرز و دادوەرانی شــارەکە بــوون. (بڕوانــە: ابــن الحنبــلي، ١٩٧٢، ٥٠/١/١-٦١، ٣٣٧/١/٢-٣٦٢، ٢/٢/ ٥٤٨-٥٥٤، ٥٦٤-٥٨٥). زانایــانی کوردیــش لــە شــارەکە بەهــۆی پێگــە کارگێــری و زانســتییەکانیان وا دیــارە پێوەندییەکــی تۆکمەیــان لەگــەڵ ئــەو بنەماڵەیــە و مێژوونــووس هەبــوو. دادوەری کــورد (عبدالرحمــن بــن محمــد، الشــيخ زيــن الديــن العــمادي[٥] الشــافعي م: ٨٩٧ک/١٤٩١ز) لــە هاوڕێیــانی باپیــری (ابــن الحنبــلي) بــوو. (ابــن الحنبــلي، ١٩٧٣، ٢/١/ ٧٤٨). هەروەهــا موفتــی نــاوداری کــورد (جبريــل بــن أحمــد بــن اســماعيل، الشــيخ أميــن الديــن، ابــو الوحــي الكــردي الحلبــي الشــافعي م:٩٣٠ک/١٥٢٣ز) لەمــاوەی ژیــانی بــەردەوام ســەردانی ماڵــی مامــی (ابــن الحنبــلي) ســەرۆکی قازیــەکانی حەلــەب (نظام الديــن الحنبــلي م: ٩٥٩ک/١٥٥٢ز)ی دەکــرد بــۆ وەرگرتنــی فەرمــوودە. (ابــن الحنبــلي، ١٩٧٢، ٤٥٨/١/١).

دەربــارەی پێوەندیــی مێژوونـــووس (ابــن الحنبــلي) لەگــەڵ کــوردانی ئــەو شــارە زیاتــر پێوەندییەکــی زانســتی بــوو. لــە مــاوەی ژیــانی زانســتی بــە دیــداری زانایــانی کــورد گەیشــتووە زانســـت و زانینــی لەســەر دەســتیان وەرگرتــووە هــەر بــۆ نمونــە ســەرەتای وەرگرتنــی زانســت بەخوێنــدنی قورئــانی پیــرۆز دەســتپێکردووە لای زانــای گــەورەی کــورد (احمــد بــن الحســن الباکــزي[٦]م: ٩٤٨ک/١٥٤١ز). (ابـن الحنبـلي، ١٩٧٣، ١/١/ ٧، ١٣٦-١٣٧؛ محمــد ڕاغــب الطبــاخ، ١٩٨٩؛ ٥/ ٤٨٦- ٤٨٧). هەروەهــا ڕەوانبێژیــشی لای زانــای کــوردی نیشــتەجێی حەلــەب (مــوسی بــن الحســين نــاسراو بــە عــوض بــن مســافر بــن الحســين بــن محمــود الكــردي الالاني[٧] السرســولي الشــافعي م:٩٣٩ک/١٥٣٢ز) خوێنــد. (ابــن الحنبــلي،١٩٧٣، ١/٢/ ٥٠٤-٥٠٥). جگــە لــەوە لای زانــای نــاوداری کــورد (شــيخ الاسلام برهــان الديــن العــمادي م:٩٥٤ک/١٥٤٧ز) چەنــدان زانســـت و هونـــەری جیـــاوازی وەرگـــرت، بەدەســـت خـــەتی خـــۆی بڕوانامـــەی لـــە هونـــەر و زانســـتە جیـــاوازەکان بۆنـــووسی و پێبەخـــشی. هەروەکـــوو دەڵێــت: "مــن یەکێــک بــووم لەوانــەی کــە زۆر هونــەری ژیــان لــە ســایەی فێربــووم، مۆڵــەتی هەمــوو ئــەو زانســت و زانینانــەی پێــدام کــە دەکرێــت مۆڵەتیــان بــۆ وەربگیرێــت، مۆڵەتنامەکــەی بــە تێروتەســەلی بــە دەســتوخەتی خــۆی نووســیەوە لەمانگــی شــوال ســاڵی١٥٤١/٩٤٨ز". (ابــن الحنبــلي،١٩٧٢، ١/١/ ٧٤-٧٨).

ئــەوەی لــە کتێبــی (در الحبــب) تێبینــی دەکرێــت، فێرخــوازی زۆر زانســتییان لەســەر دەســتی مێژوونــووس (ابــن الحنبــلي) وەرگــرت لەنێویشــیان زانایــانی کــورد، لەوانــە زانــای نــاودار (الشــيخ شــهاب الديــن أبــو العبــاس الحصكفــي[٨] الاصــل الحلبــي الشــافعي، أحمــد بــن محمــد بــن علــی بــن محمــد بــن أحمــد ٩٣٧-١٠٠٣ک/١٥٣١-١٥٩٥ز) لەحەلــەب ناسرابــوو بــە (ابــن مــلا حاجــي) (ابــن الحنبــلي، ١٩٧٢، ١/١/ ٢٣٩ ؛ البورينــي، ١٩٥٩، ١٨٠/١). مێژوونــووس (ابــن الحنبــلي) دەڵێــت: "مــن هەمــوو ئــەو زانســتانەی کــە مۆڵەتــم تێــدا وەرگرتبــوو، واتــە پســپۆڕ بــووم لێیــان، فێــری ئەومکــرد و مۆڵەتــم پێــدا، زۆرێــک لــە هۆنراوەکانمــی وەرگــرت و لێیــان بەهرەمەندبــوو... پاشــان ئــەو منــی بــە چەنــدان نامــەی وێژەیــی و ئەدەبــی ئاشــناکرد". )ابــن الحنبــلي، ١٩٧٢، ١/١/ ٢٣٩-٢٥٠). شــایانی باســە (أحمــد بــن مــلا الحصكفــي) لــە قوتابیــە نزیکــەکانی بــوو زۆرێــک لــە پەرتووکــەکانی ئــەوی نووســیەوە و مــاوەی بیســت ســاڵ لــە خزمــەتی بــوو، بۆیــە کاتێــک (ابــن الحنبــلي) کۆچــی دوایــی کــرد ئــەم قوتابیــە کــوردەی وەک دڵســۆزی وەفایــەک بــۆ مامۆســتاکەی جگــە لــە پەرتووکــەکانی، هۆنراوەکانیــشی لــە

دیوانێـک بەنـاوی (دیـوان الشـعر) کۆکـردەوە، دەستنووسـەکە لـە کتێبخانـەی (دار الکتـب المصریـة) پارێـزراوە. (ابـن الحنبـلي، ١٩٧٢، ١/١/مقدمــة المحقــق١٠م، ١٨م، ٢٣٩؛ ابــن الحنبــلي، ١٩٨٧، ٣٨). هەروەهـا ئـەم قوتابیـە کـوردەی خـەم و پـەژارەی لەدەسـتدانی بەهۆنراوەیـەک لەسـەر گۆڕەکـەی دەنووسـێت:

قـبر شـیخ الاسـلام مفتـي البرایا

الامــام الــرضي ذي الآداب

حـل في قـبره فقلـت عجیبـا

بحـر علـم واراه كـف تـراب

(ابن الحنبلي، ١٩٧٣، ١/١/١٠م).

یـانی: "گـۆڕی زانـای ئیسـلام وموفتـی هەمـوو بوونـەوەران، پێشـەوا ڕضـی خـاوەن ڕەفتـاری بـەرزو بـە ئـاداب، کـە بـوو بەمیـوانی گـۆڕ بەسەرسـوڕمانەوە گوتـم، ئـەم دەریـا پـڕ زانسـتە بـە مشـتێ خـۆڵ ون کـرا".

کەسـایەتییەکی دیکـەی کـورد (محمـد بـن عـلي الحصکفـي ٨٩١-٩٧١ک/١٤٨٥-١٥٦٣ز) نـاسراو بـە (مـلا محمـد)، یەکێکـی دیکـە بـوو لـەو زانـا کوردانـەی زانسـتی ڕەوانبێـژی عـەرەبی لای مێژوونــووس (ابــن الحنبــلي) وەرگــرت. (ابــن الحنبــلي، ١٩٧٣، ٣٩٣/١/٢).

زانایـانی کـورد لـە وڵاتی شـام ناوبانگیـان بەشـارەکان بـڵاو بووبـووەوە. لـە ناوچـە و شـارە جیـاوازەکان سـەردانیان کـردوون، هــەر بــە نموونــە زانــای نــاوداری کــورد (محمــد بــن داود البــازلي الکــردي م: ٩٢٥ک/١٥٢٨ز) نیشــتەجێی شــاری حەمـما بـوو، مێژونـووس (ابـن الحنبـلي) زیاتـر لـە جارێـک بەدیـداری گەیشـت جارێـک لـە شـاری حەلـەب و جارێـک لـە شـاری حەمـما دەڵێـت: "مـن بەشـێک لەنووسـین و دانراوەکانـم لای ئـەو خوێنـد، لەسـەر شـێوازی ئـەو دەمنـوسی، مۆڵـەتی پێـدام لــەزاری ئــەو ڕیوایــەت بگێرمــەوە". (ابــن الحنبــلي، ١٩٧٣، ٢٠٤/١/٢-٢٠٥).

لەبــارەی پێوەنــدی لەگــەڵ زانــای کــوردی نیشــتەجێی حەلـەب (ابراهیـم بـن أحمـد بـن یعقـوب، برهـان الدیـن الکــردي القصیــري الشــافعي م:٩٣٣ک/١٥٢٦ز). مێژوونــووس (ابــن الحنبــلي) دەڵێــت: "مــن یەکێــک بــووم لەوانــەی زۆر ســوودم لێبینــی بەتایبەتــی لەفێربوونــی زمانــی عەرەبــی و ژیربێــژی و ڕەوانخوێندنــەوەی قورئــان لــە خزمــەتی مامــەوە تـا کۆتایـی سـاڵی (٩٣٠ک/١٥٢٣ز). ئینجـا لای ئـەو مۆڵەتـم وەرگـرت، بـە دەسـتوری ئەوسـا کـە مۆڵەتنامـە دەبەخـشرا لـە حەلـەب، بەهـۆی ئـەوەی شـێخ نابینابـوو، (زیـن الشـماع م:٩٣٦ک/١٥٢٩ز) مۆڵەتنامەکــەی بــە دەســتوخەتی خــۆی نووسـییەوە، لەڕێکەوتـی (٣ ذي القعـدة) سـاڵی ٩٢٧ک/١٥٢٠ز". (ابــن الحنبــلي، ١٩٧٢، ١/١/ ٢٢-٢٦).

شـێخی سـۆفی کـورد (مـوسی بـن الحسـین نـاسراو بـە عـوض بـن مسـافر بـن الحسـین بـن محمـود الکـردي الالاني السرسـولي الشـافعي م:٩٣٩ک/١٥٣٢ز). کـە مێژوونـووس (ابـن الحنبـلي) ڕاڤـەی (المسـایرە)[٩] ی لای ئـەو خوێنـد لەگـەڵ چەنـدان کتێبـی تـر، لـە زۆر لـە کـۆڕ و دانیشـتنی بەشـداری کـرد بـە تایبەتـی ئــەو کــۆڕ و دانیشــتنانەی کــە قســەی لەســەر پــەروەردە و خواناسـی دەکـرد. (ابـن الحنبـلي، ١٩٧٣، ١/٢/ ٥٠٤-٥٠٥).

زانایەکـی دیکـەی کـورد لـە تۆمـارە مێژووییەکـەی مێژونـووس نـاوی هاتـووە کـە شـارەزای تـەواوی هەبـوو لـە زمـانی عـەرەبی ئەویـش (عبداللـە ابـن الشـیخ الفقیـە المحـدث عبدالرحمـن بـن أصفهـان **البُزَیْنـي** الشـافعي م: ٩٦٢ک/١٥٤٤ز). مێژوونـووس لەســەر زاری خــۆی دەگێڕێتــەوە دەڵێــت: "جارێکیــان پێیوتــم مــن بزێنیــم. (بُزَیْـن) بزێـن: هۆزێکـن لـە هـۆزەکانی کـوردان". بەپێــی زانیاریــەکانی مێژوونــووس دەردەکەوێــت بــەر لــەوەی بچێتــە حەلــەب لای باوکــی دەســتەیەک زانــای بەناوبانگــی ســەردەمەکەی زانســتەکانی وشەســازی و کێشســازی و ڕستەســازی و کلام و ژیربێــژی وەرگــرت. لــە ســاڵی (٩٤٩ک/١٥٤٣ز) لــە حەلەبیــش لەگــەڵ مێژوونــووس (ابــن الحنبــلي) هاووانــە و پێکـەوە دەرزی ڕەوانبێژیـان خوێنـد. هەروەکـوو (ابـن الحنبلـی) دەڵێــت: "بــە ماوەیەکــی کەمــتر لــە ســاڵێک زمانــی عەرەبــی فێربـوو بـە جۆرێـک یـاری بـە دەبڕیـن و دەسـتەواژەی زمانـی عەرەبـی دەکـرد، زۆرتریـن مەبەسـتی بـە کەمتریـن دەردەبڕیـن و گوزارشــت دەگەیەیانــد"، کەســێکی چــالاک و لەســەرێ و زیـرەک و شـارەزای ڕاڤـەی قورئـان بـوو، بـە دەسـتخەتی خـۆی ڕاڤـەی (مـلا عبدالرحمـن الجامـي م: ٨٩٨ک/١٤٩٢ز) نووسـیەوە و شـەنوکەوی کـرد. لـە دانیشـتنە زانسـتییەکان کەسـێکی سـینە فـراوان بـوو هەرگیـز هەڵنەدەچـوو. لـە شـارۆچکەی )القصـیر) بـە تاعـون کۆچـی دوایـی کـرد. (ابـن الحنبـلي،١٩٧٣، ٧٢٦/٢/١-٧٢٧، ٨٠٤).

لەژێــر ڕۆشــنایی ئــەوەی خــراڕوو دەربــارەی پێوەنــدی مێژوونــووس (ابــن الحنبــلي) لەگــەڵ کــورد، دەرکــەوت پێوەندییەکـی پتـەوی زانسـتی بـوو لای زانایـانی کـورد زانسـتی وەرگرتـووە و هەروەهـا زانایـانی کـورد لـەلای ئـەو زانسـتە جیاوازەکانیــان دەسخســتیە.

**تەوەری دووەم: پۆستە کارگێری و ئایینیەکانی کورد**

**أ: پۆستە کارگێریەکان**

لەنێـو ئـەو پۆسـتە کارگێریانـەی کـورد لـە حەلـەب بەڕێـوەی بردبـوو و لـە کتێبـی (در الحبـب) ئامـاژەی بۆکـراوە پۆسـتی (چاودێـری خانـەی لێـدانی دراو)ە. ئـەو کەسـایەتییە کـوردەی ماوەیـەک ئەرکـی چاودێـری  خانـەی لێدانی دراوی لـە حەلـەب گرتـە ئەسـتۆ (الشـمس المجاهـدي الايـوبي الحمـوي الحلبـي الشـافعي الصـوفي، محمـد بـن محمـد بـن عـلي) بـە (الشـمس المجاهـدي الايـوبي) بانگدەکرا لەبەرئـەوەی لـە نـەوەی (صـلاح الديـن يوسـف بـن ايـوب) بـوو، ناسراوبـوو بـە (ابـن شـماع - شـەماعزادە). لـە سـەرەتای سـاڵی (٧٩١ک/١٣٨٩ز) لـە شـاری حەمـما هاتـە دونیـا، پاشـان چـوو بـۆ میـسر، لـە سەردەسـتی کۆمەڵێـک لـە خەڵکـی ناوچەکـە فێـری زانسـتەکان بـوو. (ابـن الحنبــلي،١٩٧٣، ٨٢/١/٢-٨٣). وادیــارە شــارەزایی و پســپۆڕی تـەواوی هەبـوو لـە بـواری زانسـتی کیمیـا و تێکەڵکـردنی مـاددە کانزاییـەکان، بەتایبـەتی ئـەوەی پەیوەسـتە بـە کاری (الزغـل-زيـف النقـود – ساختەکاری لـە دراو[١٠] لـە دراو. پەرتووکێکـی دانــا بــە ناونیشــانی (الرســالة الحلبيــة- حەلەبنامــە) دەربــارەی پیشــەکاریە، جێگــری ســوڵتانی مەمالیــک (جانــم الاشرفي ٨٥٩-٨٦٣ک/١٤٥٤-١٤٥٩ز) بەزیرەکــی و لێهاتــووی زانی فەرمـان دەکات ببێتـە چاودێـری بەشـی لێدانـی سـکەی پـارە لـە حەلـەب. (ابـن الحنبـلي،١٩٧٣، ٨٧/١/٢). دەتوانیـن بڵێیـن دامەزرانـدنی (الشـيخ شـمس المجاهـدي الايـوبي) لـەم شـوێنە گرنگـەی دەوڵـەت کـە چاودێـرو سەرپەشـتیاری خانـەی لێـدانی دراوە ڕاسـتەوخۆ پەیوەسـتە بـە ئابـووری وڵات، توانسـت و شـارەزای و لێهاتویـی دەردەخـات لـە بـواری زانسـتی کیمیـا و هەمـوو جـۆرەکانی دراو.

**ب: پۆستە ئایینیەکان**

**١. دامەزراوەی دادوەری (مؤسسة القضاء)**

دامــەزراوەی دادوەری گرنگــی تایبــەتی پــێ دراوە لــە پەرتووکـی (در الحبـب). مێژوونـووس  زانیـاری ورد و دەگمـەنی لەبــارەی پــرس و دانیشــتنەکانی نێــو دادگــەی حەلــەبی تۆمارکـردووە هەروەهـا وردەکاری دەربـارەی پلـەدارانی دادوەری لـە سـەرۆکی دادوەران و دادوەر و جێگـری دادوەر و دادوەری سـەربازی خسـتۆتە ڕوو.

دادوەرانی کـورد لـە کتێبەکـە ئاماژەیـان بـۆ کـراوە لەوانـە: سـەرۆکی دادوەران (شـيخ الاسـلام شـهاب الديـن السـندي[١١]، الحصكفـي العباسي[١٢]الحلبـي الشـافعي، أحمـد بـن يوسـف بـن حسـين بـن يوسـف بـن مـوسى) لەدایکبـووی شـارۆچکەی سـندی، لـە حەسـەنکێف نیشـتەجێ بـوو، شـافعی مەزهـەب بـوو ناسرابـوو بـە (مـلا حاجـي). لـە شـاری تەورێـز (تبريـز) زانسـتە جیـاوازەکانی وەرگـرت ئینجـا لـە ناوچـەی جەزیـرەی (ابـن عمـر- جەزیـرەی کـوردان) دەسـتیکرد بـە وانەگوتنـەوە بـە دیاریکـراوی لـە مزگـەوتی (العمـري) لەسـەردەمی سـوڵتان (حسـن بـک بـن عـلي بـن قرايلـوک م:٨٨٢ک/ ١٤٧٦ز)، پاشـان دادوەری وەرگــرت لــە حەســەنکێف لەگــەڵ وانەگوتنــەوەی لــە خوێندنگــەی (العادليــە[١٣]. هــەر لــەو شــوێنە فەتــوای دەدا. لــەو ماوەیــەی لــەم خوێندنگەیــە دەمایــەوە پەرتووکێکــی نووســی لــە ژێــر ناونیشــانی (تحفــة الفوائــد لــشرح العقائــد([١٤]. هەروەهــا پەرتووکــی (كشــف الــدرر في شرح المحــرر[١٥] - چــوار بــەرگ) کــە یەکێکــە لــەو شــەرح و شرۆڤــە گرنگانــەی کــە ســەرنجی خســتووتە ســەر ڕاجیاییــی سـێ پێشـەواکەی تـر بەگشـتی، شـەنوکەوکردنی مەزهەبـەکان لەگــەڵ ئــەوەش لــە کۆتاییــی شــیکاریەکە خاڵــی جیــاوازی خســتووەتەڕوو، بــەراوردی نێــوان بۆچوونەکانــی هــەر یــەک لــە (الرافعــي والنــووي)[١٦]ی کــرد، بەڵگــەی بەهێــزی و ڕای دروسـتیان ڕوون کردووەتـەوە و بەرچـاوی خسـتووە. وەکـوو دەردەکەوێــت لــە پاشــکۆی بەرگــی چوارەمــی پەرتووکەکــە ئامــاژەی پێـداوە سـاڵی (٨٨٢ک/١٤٧٧ز) لەخۆبووەتـەوە، واتـە کۆتایــی بەنووســینی ئــەم کتێبــەی هێنــاوە، لــە کارەکانــی دیکـەی نووسـینی پەراوێـز لەسـەر چەنـد پەرتووکـی تـر. (ابـن الحنبــلي، ١٩٧٣، ١/١/ ٢٠٢-٢٠٤).

مێژوونووسی حەلەبی لە بارەی (شیخ شهاب الدین السندي) کە ناسرابوو بە (ملا حاجي) دەڵێت: "ئەوەی لەبارەیەوە زانراوە پێشەوا و خواناس و زانایەکی بلیمەت و خۆپارێز و دونیانەویست و خاکی بوو، سەربوردە و ناوبانگێکی بێگەردی هەبوو لەدادوەریکردن، لە لۆمەی لۆمەکاران سڵی نەدەکرد". لە پیاوە هەرە مەزن و پایەدارەکانی سەردەمی خۆی بە زانست بەهرەمەند بوو، دەستەیەک سوودیان لە زانستەکانی وەرگرت، هەتا جارێکیان سوڵتان (حسن بک بن علي بن قرایلوک م:٨٨٢ک/١٤٧٦ز) بەدوای ناردبوو بۆ دەمەتەقێ و پێشبڕکێی زانستی لەگەڵ زانایانی ئەوسای تەورێز. (ابن الحنبلي،١٩٧٢، ٢٠٢/١/١-٢٠٥). ئەو داواکاریەی سوڵتان حەسەن بەگ بەڵگەیە لەسەر زانایی و قابلیەتی.

ئەوەی باس کراوە لەبارەی (شیخ شهاب الدین السندي) کەسێکی پتەو و بەهێز بوو، کاتێک کۆچی دوایی کرد لە ساڵی (٨٩٥ک/١٤٩٠ز) دادوەری حەسەنکێفا بوو. وا دیارە تەمەنێکی زۆری لەو ناوچەیە بەسەر بردبوو بۆیە هەر لە هەمان شوێن نێژرا، سوڵتان (یعقوب بک بن سلطان حسن بک م:٨٩٦ک/١٤٩١ز) پێشنوێژی مردووی لەسەر کرد. (ابن الحنبلي، ١٩٧٢، ٢٠١/١/١-٢٠٥؛ کحالة، د.ت، ٢١٠/٢؛ حاجی خلیفة،١٩٤١، ١١٤٥/٢، ١٦١٢).

زانایەکی دیکەی کورد لە کتێبی (در الحبب) ئاماژەی بۆ کرابێ (شیخ زین الدین العمادي الشافعي، عبدالرحمن بن محمد)، باوکی (شیخ الاسلام برهان الدین العمادي٨٨٠ -٩٥٤ک/١٤٧٥-١٥٤٧ز). دادوەری مەزهەبی شافعی لە حەلەب، زانایەکی پایەبەرز بوو، سەرقاڵی وەرگرتنی زانست بوو لەوڵاتی میسر و ڕۆم. لەوکاتە بوو کە دادوەری شافعی بوو، لەپاڵ ئەوەشدا هەردوو ئەرکی وانە گوتنەوەو پێداچونەوە (التدریس والاعادة)ی لە خوێندنگەی (العصرونیە[١٧] ی حەلەب وەرگرت. یەکێک بوو لە چوار یاریدەرانەی هەمان خوێندنگە. ئەوکاتەی لەم خوێندنگەیە نیشتەجێ بوو ئەرکی پێداچوونەوەی وەرگرت. لە ساڵی (٨٩٧ک/١٤٩١ز) کۆچی دوایکرد لە گۆڕستانی پیاوچاکان بەخاک سپێردرا. (ابن الحنبلي،١٩٧٣، ٧٤٨/٢/١-٧٤٩). ئەگەرچی دادوەری مەزهەبی شافعی بوو لە حەلەب بەڵام مێژوونووس ئاماژەی نەکردوە ساڵی چەند ئەو ئەرکەی وەرگرت و بۆ ماوەی چەند بەردەوام بوو.

**٢. فتوادان (الافتاء)**

زانا موفتییە ناودارەکانی کورد لە کتێبی (در الحبب) زانیاری ڕەسەن دەگمەنیان لەبارەوە تۆمار کراوە، لە پێشەوەی هەموویان موفتی ناوداری کورد (حسن بن علي بن یوسف بن المختار الاربلي الاصل الحصکفي الحلبي الشافعي، شیخ بدر الدین الشافعي السیوفي[١٨]". لەدەوروبەری ساڵی (٨٥٠یان٨٥١ک/ ١٤٤٦یان ١٤٤٧ز) لە شاری حەسەنکێف لەدایک بوو و پێ گەیشت. (ابن الحنبلي، ١٩٧٣، ٥١٠/٢/١). دوای ئەوەی لە ناوچەی جیاواز زانستە جیاوازەکانی وەرگرت گەڕاوە شارەکەی خۆی (حەلەب) بۆ سوودگەیاندن، خەڵک سوودیان لە زانستەکانی وەرگرت، بووە مامۆستا و موفتی و ساغکەرەوە و وردبینکار و شارەزای ئایین لە شارەکە، کەسێکی پارێزکار و خواناس و بەڕەوشت بوو. (ابن الحنبلي ،١٩٧٣، ٥١٥/٢/١(. "پیاوێکی باڵابەرز بوو، سەروڕیشێکی سپیی نووراني و پرشنکداری هەبوو، ڕێزدار و خاوەنشکۆ بوو، هەرکەس چاوی پێ کەوتبا گومانی نەبوو ئەو لە پیاوە مەزن و خاوەنشکۆ و ڕێزدارەکان بوو". موفتیی ناوداری شاری حەلەب، سەرۆک و سەردەستەی زانایانی سەردەمەکەی بوو. (ابن الحنبلي ،١٩٧٢، ٣٦٥/١/١). تا کۆتایی تەمەنی موفتی شاری حەلەب بوو، ساڵی (٩٢٥ک/١٥١٨ز) کۆچی دوایی کرد. (ابن الحنبلي ،١٩٧٣، ٥١٥/٢/١-٥٢٠).

موفتییەکی دیکەی کورد کە ناوی تۆمار کراوە (شیخ الاسلام، فخرالدین الجزري الحلبي الشافعي، عثمان بن سلیمان بن ابراهیم بن سلیمان ابن خلیل). ناسراو بە (شیخ فخر عثمان الکردي)، ساڵی (٨٢٩ک/١٤٢٥ز) لە ئورمیە لەدایک بوو، وەکوو (ابن الحنبلي) دەڵێت: "لە بنەڕەتدا کوردێکی ڕەسەن بوو نەک چەرکەسی". (السخاوي، د.ت، ١٢٨/٥؛ ابن الحنبلي،١٩٧٣، ٨٨٤/٢/١، ٩٩٩).

پێش ئەوەی تەمەنی بگاتە قۆناغی پێگەیشتن چووەتە هەرێمی جەزیرەی فوراق بۆ ماوەی حەوت ساڵ لەم ناوچەیە مایەوە، دواتر کۆچی کرد بۆ باکوری وڵاتی شام

لـە حەلـەب گیرسـایەوە لـە گەڕەکـی (المشـارقة)ی حەلـەب نیشـتەجێ بـوو، سـاڵی (٨٧٩ک/١٤٧٤ز) موفتـی حەلـەب بـوو، لـەم زانایانـە بـوو کـردار و گوفتـاری یەکـی دەگرتـەوە پیاوچـاک و بـە شـکۆ بـوو، پێبەنـدی ڕێبـازی پێغەمبـەر (سـڵاوی خـوای لێبێـت) بـوو و هیمەتبـەرز بـوو بـۆ لـە ناوبـردنی قەدەغەکـراوەکان بەتایبـەتی (مـەی). وەک موفتـی بـەردەوام دەبێـت تـا کۆچـی دوایـی کـرد لـە حەلـەب سـاڵی (٨٩٧ک/١٤٩١ز). (السـخاوي،د.ت، ١٢٨/٥؛ ابـن الحنبـلي، ١٩٧٣، ٨٨٤/٢/١).

بەپێـی زانیارییـەکان دەردەکەوێـت (الشـیخ عثـمان الکـردي) موفتـی شـافعی پێگەیەکـی چەسـپاو و گرنگـی هەبـووە لـە شـاری حەلـەب، فتواکانـی لـە کۆمەڵگـە چەسـپاو و کاریگەریـی خـۆی هەبـوو، جێگـری سـوڵتان لـەم شـارە بـە گرنگـی لـەو فتوایانـەی دەڕوانی کـە ناوبـراو دەری دەکـرد. لـە سـەردەمی دەسـەڵاتداریەتی جێگـری حەلـەب (قانصـوە الیحیـاوی٨٧٤-٨٨٤ک/ ١٣٨٢-١٤٧٩ز)، کاتێـک ناکۆکـی دروسـت دەبێـت لـە نێـوان موفتـی هـەر چـوار مەزهەبـە سـوننییەکە لـە حەلـەب لەسـەر دیاریکـردنی یەکـەم ڕۆژی چـەژنی ڕەمـەزانی سـاڵی (٨٨١ک/١٤٧٥ز) بەپێـی مەزهـەبی شـافعی یەکـەم ڕۆژی چـەژن هەینـی بـوو ئەگـەر مانـگ نەبینرایـە، موفتـی سـەر بـە هـەر سـێ مەزهەبەکـەی دیکـە لایـان وابـوو لەبەرئـەوەی لـە شـاری ترابلـس مانـگ بینرایـە بۆیـە لـە هەمـوو شـارەکانی دیکـە دەبێتـە چـەژن، لـە کۆتایـدا جێگـری حەلـەب بەڵگـەی مەزهـەبی شـافعی کـە لـە لایـەن (الشـیخ عثـمان الکـردي) پشـگیری دەکـرا قبوڵـی کـرد. (ابـن الحنبـلي، ١٩٧٤، ٢/٢ /٥٧٦-٥٧٧).

شـایانی باسـە (الشـیخ عثـمان الکـردي) پێگەیەکـی بـەرزی کۆمەڵایـەتی هەبـوو لەنـاو کۆمەڵگـەی حەلـەبی لای کەسـایەتییە پلەبـەرزەکان و لەسـەر ئاسـتی خەڵکـی گشـتی، ناوبـراو ڕۆڵـی بینـی لـە چارەسـەرکردنی هەندێـک کێشـەی گرنـگ لـە نێـوان کەسـایەتییە پلەبـەرزەکان. یەکێـک لـەم کێشـانەی دادگـەی حەلـەب دەستەوەسـتان بـوو لـە چارەسـەرکردنی ڕووداوێکـی ناکۆکـی سـاڵی (٨٨٤ک/١٤٧٩ز) لـە نێـوان دادوەری کلـز (علاءالدیـن الانصـاري الحنفـي م: دوای سـاڵی ٩٠٠ک/١٤٩٤ز) لەگـەڵ (کتخـدا - کیخیـا - کوێخـا[19]ی ئـەو ناوچەیـە. دوای ئـەوەی کوێخـا هاتـە حەلـەب و سـکاڵای لەسـەر دادوەری کلـز لـە دادگـەی حەلـەب تۆمـار کـرد، سـەرۆکی دادگـە داوای ئاشـتبوونەوەی نێـوان ئـەم دوو لایەنـەی کـرد، بـەڵام کوێخـا ڕازی نەبـوو بـەم بڕیـارە، بـە سـووکایەتی لێـک دایـەوە، بۆیـە سـەرۆکی دادگـە دانیشـتنەکانی ڕاگـرت سـەبارەت بـەم بابەتـە، لـەم کاتـە ڕۆڵـی (الشـیخ عثـمان الکـردي) دەرکـەوت، هەوڵـی ئاشـتەوایی نێـوان ئـەو لایەنانـەی دا و سـەرکەوتوو بـوو بـۆ دەسـتپێکردنەوەی دانیشـتنەکانی دادگـە، لـە کۆتاییـدا بـە هەوڵـەکانی (الشـیخ عثـمان الکـردي) لـە دادگـەی حەلـەب ئـەم ئاشـتەواییە ئەنجـام درا. (السـخاوي، د.ت، ١٢٨/٥-١٢٩؛ ابـن طولـون،١٩٩٨، ٦٨/١-٦٩؛ ابـن الحنبـلي، ١٩٧٣، ٩٩٨/٢/١-٩٩٩).

لـە هەرێمـی جەزیـرە، موفتـی پایەبـەرز (شـمس الدیـن أبـو عبداللـە، محمـد بـن داود البـازلي الکـردي الحمـوي الشـافعي). لـە چێشـتەنگاوی ڕۆژی هەینـی سـاڵی (٨٤٥ک/١٤٤١ز) لـە هەرێمـی جەزیـرەی فـوراتی لەدایـک بـوو. لـەم ناوچەیـە پێگەیشـت و بەهرەمەنـد بـوو. پاشـان بـۆ وەرگرتنـی زانسـت ڕووی کـردە ئازربیجـان بەتایبـەتی شـاری تەورێـز (تبریـز). زانسـتی عەقـلی و نەقـلی لای باوکـی و دەسـتەیەک مامۆسـتای بەناوبانـگ وەرگـرت و هەموویـان بڕوانامـەی فتـوادان و وانەگوتنەوەیـان پـێ بەخـشی، ژمارەیەکـی زۆر کتێبـی زانسـتە عەقـلی و نەقلییـەکانی وەک کتێبـی (الحـاوي الصغیـر) و (العقائـد) و (العـروض) و لـە بـواری ڕێزمانـی کتێبـی (الشمسـیة) و (الکافیـەی ابـن حاجـب) و (تصریـف العـزي) ئەزبـەر کـرد. بـووە زانایەکـی بەهرەمەنـد، پاشـان لـە مانگـی محـرم سـاڵی (٨٧٠ک/ ١٤٦٥ز) ڕووی کـردە وڵاتی شـام بەتایبـەتی شـاری حەلـەب دواتـر چـوو بـۆ ناوچـەی (القصیـر) تیایـدا نیشـتەجێ بـوو وەک وتاربێـژ. هـەر لـەم ناوچـە هاوسـەرگیری کـرد و کوڕێکـی ئامـاژەی بـۆ کـراوە بەنـاوی (محمـد بـن محمـد بـن داود البـازلي[20]. (ابـن الحبـلي،١٩٧٣، ٢٠٣/١/٢-٢٠٤؛ الغـزي،١٩٩٧، ١٩/١؛ ابـن العـماد، ١٩٨٦، ١٧٥/١٠). سـاڵی (٨٧٥ک/١٤٧ز) سـەردانیماڵـی خـوای کـرد، حەجـی بەجێهێنـا لەگـەڵ حاجیـەکان گـەڕاوەو لـە شـاری حەمـا نیشـتەجێ بـوو، دوا وێسـتگەی ژیـانی لـە شـاری حەمـا بـوو لـە ڕۆژی شـەممەی (١٨ ی جەمـادی یەکـەم ٩٢٥ک/١٥٢٨ز) کۆچـی

دوایـی کـرد. لەبـەر ئـەو ناوبانگـی و ئاسـتە بـەرزە زانسـتییەی، لـە شـارەکانی باکـوری وڵاتی شـام جگـە لـە شـاری حەلـەب و حەمـما، کاتێـک کۆچـی دوایـی کـرد لـە شـاری دیمەشـق نوێـژی مـردووی (صـلاة غائـب) ی بـۆ کـرا. (ابــن الحنبــلي، ١٩٧٣، ٢٠٤/١/٢- ٢٠٥).

لــە زانیارییــەکانی (ابــن الحنبلــي) دەردەکەوێــت لــەو ماوەیـەی لـە شـاری حەمـما نیشـتەجێ بـوو، بـووە مامۆسـتا و شـێخی ئـەم شـارە لـە بابـەتی عەقـلی و نەقـلی و شـەرعناسی، کۆمەڵێـک پەرتووکـی نـووسی لەوانـە: (حاشـية شرح جمـع الجوامـع للمحـلي) ، (اسـماء الرجـال) ، (مقدمـة العاجـل لذخـيرة الآجـل)، (غايـة المـرام في رجـال البخـاري الى السـيد الانـام) کـە بەرگێکـی (مجلـد) گەورەیـە، (مناقـب ابي الحسـن الاشـعري)، (التحفـة المرضيـة في المسـائل الشـامية). (ابـن الحنبـلي،١٩٧٣، ٢٠٥/١/٢). ئەمـە بەڵگەیـە لەسـەر خاکیبـوونی.

مێژوونـووسی حەلـەبی (ابـن الحنبـلي) زیاتـر لـە جارێـک بــە دیــداری گەیشــتووە جارێــک لــە شــاری حەلــەب و جارێـک لـە شـاری حەمـما وەسـفی دەکات: "جارێکیـان لـە گەشـتم بـۆ حەمـما چـاوم پـێ کـەوت، کەسـێکی زاهیـد و دونیانەویسـت، هەمیشـە خەریکـی پەرسـتش، هـەر چـوار وەرزی سـاڵ بـەرۆژوو بـوو و دەسـت بـە دەسـتنوێژ و دەم بـە وێـرد بـوو، دڵ پـڕ لـە خەشـمی خـوا بـوو، هەمیشـە خەریکـی وانەگوتنـەوە و فێرکـردنی منـداڵان بـوو لـە خوێندنگـەی (المخلصيـة[٢١]) خزمـەتی بـە منـداڵان دەکـرد، لـەو خوێندنگەیـە دەمایـەوە و خەڵکـی ناوچەکـە لەگەڵـی کۆدەبوونـەوە لەبـەر مـەزنی و گەورایەتییەکـەی". زانایەکـی بەهرەمەنـد بـوو، ژمارەیـەک زانـای نـاوداری کـورد زانسـتیان لای وەرگـرت لـە نێویـان (عبدالرحمـن بـن الحسـن المقابـرصي الشـافعي م:٩٤١ک/١٥٣٤ز) هەروەهـا (أحمـد ابـن الشـيخ عبـدو بـن سـليمان الكـردي م:٩٦٨ک/١٥٦٠ز) و (داود بـن سـليمان القصيـري الشـافعي م: ٩٢٥ک/١٥٢٨ز) زانسـتی تێگەیشـتن لـە ئایینـی لـەلای وەرگـرت. موفتـی (العـلاء بـن الشـمس الحصكفـي م: ٩٢٥ک/١٥١٩ز) لـەلای ئـەو لـە حەلـەب خوێندویـەتی. (مـوسى بـن حسـن الالاني م: ٩٣٠ک/ ١٥٢٣ز) لـە حەمـما لای ئـەو خوێندویـەتی. هەروەهـا چەنـد زانـای دیکـەی حەلـەب لـە لای ئـەم موفتییـە کـوردە زانسـتیان وەرگـرت.

موفتییەکـی بەهرەمەنـد بـوو وەڵامـی پڕبەپێسـتی هەبـوو سـەبارەت بـەو پرسـیارو ئاڵۆزیانـەی بـۆی بەرزدەکـراوە. (ابـن الحنبـلي،١٩٧٤، ٢/١/ ٢٠٤-٢٠٨، ٧٤٨/٢/١، ٢٦٩/١/١-٢٧١، ٦١٣/٢/١، ٥٠٣/١/٢، ٩٦١/٢/١، ٦٢٥/٢/١؛ الغزي،١٩٩٧، ٤٦/١ - ٤٧ ؛ حاجـي خليفـة،١٩٤١، ١١٩٣/٢؛ ابـن العـماد، ١٩٨٦، ١٩٠/١٠-١٩١؛ كحالـة ،د.ت، ٢٩٧/٩-٢٩٨).

یەکێکـی دیکـە لـە مامۆسـتا و موفتییـە نـاودارەکانی حەلـەب (الشـيخ أمـين الديـن، ابـو الوحـي الكـردي الحلبـي الشـافعي، جبريـل بـن أحمـد بـن اسـماعيل م:٩٣٠ک/١٥٢٣ز)، دەسـتێکی بـاڵای هەبـوو لـە شـەرعزانی و فتـوا هەروەهـا دەسـتخەتێکی جـوان و ڕەوانی هەبـوو. بەپێـی ئـەو زانیاریانـەی لـە لایـەن (ابـن الحنبـلي) تۆمـار کـراوە، زانـای نـاوداری کـورد لـە شـاری حەلـەب (البـدر السـيوفي الاربـلي م: ٩٢٥ک/١٥١٩ز) لەگـەڵ (شـيخ امـين الديـن ،جبريـل بـن أحمـد) ناکـۆک بـوو و هەندێـک جـار ڕەخنـەی لـێ دەگـرت، پێـی دەگـوت: (جبريـل الارض). ئەگەرچـی هاوڕێـی یەکـتر بـوون بـۆ گوێگرتـن لـە فەرمـوودە سـاڵی (٨٧٠ک/١٤٦٥ز) لـە خوێندنگـەی (الحلاويـة[٢٢]). (شـيخ امـين الديـن) مرۆیەکـی دینـدار و خێرخـواز و سـادە و خاکـی بـوو. تـا کۆتاییـی تەمـەنی مێـزەری بەسـەری بـوو بـەردەوام خەریکـی فێرکـردنی قوتابیـان بـوو لـە زانسـتەکانی شـەرعناسی و زمـانی عـەرەبی چەنـدان زانسـتی دیکـە. کاتێـک کۆچـی دوایـی کـرد لـە گۆڕسـتانی (الخراسـاني) لـە دەرەوەی دەرگـەی (الفـرج) بـە خـاک سـپێردرا. (ابـن الحنبـلي، ١٩٧٣، ٤٥٤/١/١-٤٥٨؛ ابـن العـماد، ١٩٨٦، ١٠/ ٢٣٨ ؛ الغـزي، ١٩٩٧، ١/ ١٧٣).

زانایەکـی دیکـەی کـورد (شـيخ الاسـلام برهـان الديـن ابـن الشـيخ العـالم العامـل العلامـة زيـن الديـن العـمادي الاصـل الحلبـي الشـافعي، ابراهيـم بـن عبدالرحمـن بـن محمـد) ناسرابـوو (ابـن العـمادي). لـە حەلـەب هاتـە دونیـا دوای سـاڵی (٨٨٠ک/١٤٧٥ز). لـەم شـارە پێگەیشـت و گەورەبـوو، زانسـت و زانینـی لـە زانایانـی شـارەکەی وەرگـرت، هەوڵیـدا تـا شـارەزایی تـەواوی لـە هونـەرەکان و زانسـتەکان پەیـدا کـرد، بـووە مامۆسـتا و وانەبێـژ و ئامـۆژگار لـە حەلـەب، هەروەهـا فەتـوای شـەرعی دەدا، پاشـان بـە ڕێگـەی قاهیـرە سـەردانی ماڵـی خـوای کـرد لـەوێ دیـدار و هەڤپەیڤینـی لەگـەڵ کەسـانی نـاودار و دیـاری ئـەو دەڤـەرە ئەنجامـدا،

هەروەهـا گەیشـت بـە زانـا و شـێخەکانی مەککـە و قاهیـرە و غــەززە. (ابــن الحنبــلي،١٩٧٢، ٧٤/١/١-٧٨).

لـە زانیارییـەکانی مێژوونـووس دەردەکەوێـت (ابـن العـمادي) زانایەکـی بەهرەمەنـد بـوو، ئـەوەی دەربـارەی زانـراوە کـە کـێ زانسـت و زانیـاری لـێ وەرگرتـووە لـە خەڵکـی حەلـەب و لــە وانەیــش کــە خەڵکــی حەلــەب نەبــوون بــەڵام لــەم شـارە نیشـتەجێ بـوون وەک: (الشـيخ ابراهيـم الكـردي، فقيـه اليشــبكية م:٩٣٣ک/١٥٢٦ز)، ســەرەتای خوێنــدن و فێربوونــی زمانـی عەرەبـی لای ئـەو دەسـتپێکرد، هەروەهـا (خليـل اللـه اليـزدي م:٩٠٨ک/١٥٠٢ز) کتێبـی (شرح القطـب عـلى الشمسـية) ی لـە زانسـتی ژیربێـژی لای خوێنـد. (البـدر السـيوفي الاربـلي م:٩٢٥ک/١٩١٩ز) لای ئــەو کتێبــی (المطــول) و بەشــێک لــە کتێبـی «العضـد»ی خوێنـد. یەکێکـی دیکـە لـە شـاگردەکانی (المحيــوي عبدالقــادر الآبــار م:٩١٤ک/١٥٠٧ز) بــوو لای ئــەو شـەرع و چەنـدان بابەتـی دیکـەی خوێنـدووە و بەهرەمەنـد بــووە. بــەردەوام بــوو لــە سوودبەخشــینی بــەو کەســانەی هاتوچـۆی لایـان دەکـرد، بـە تایبـەتی لـە زانسـتەکانی وەک ڕستەسـازی، وشەسـازی، زمانـی عەرەبـی، قورئانخوێندنـەوە، بنەمـای شـەرعزانی، زانسـتی فەرمـوودە و ڕاڤـەی قورئانیـان لا خوێنـدووە. (ابــن الحنبــلي، ١٩٧٢، ١/١/ ٧٨-٧٩).

کاتێـک دەسـتێکی بـاڵای لـە زانسـتە ئایینیـەکان پەیداکـرد، خەڵکـی ڕەمەکـی بـە هەڵـەداوان ڕوویـان تـێ کـرد، ڕۆڵێکـی گــەورە و کاریگــەری لەنــاو کۆمەڵگــە هەبــوو، پــرس و ڕاوێژیـان پـێ دەکـرد و فەتـوای بـۆ بابەتـە شـەرعییەکان بـۆ دەدان، ڕێنوێـن و ڕابـەر و ڕێنشـاندەریان بـوو، کەسـێک بـوو هەمـوو ئـەو کارانـەی بـە خۆڕایـی و خۆبەخشـی دەکـرد، دوای ئـەوەی سـەرکردایەتی فەتـوادانی مەزهـەبی شـافعی لـە حەلـەب کۆتایـی هـات، سـەرقاڵی وانەگوتنـەوە بـوو، بـە دیاریکـراوی لـە مزگەوتـی گـەورە و خوێندنگـەی (العصرونيـة)ی حەلـەب، هەورەهـا باوکـی کـە نـاوی (الشـيخ عبدالرحمـن بـن محمـد، الشـيخ زيـن الديـن العـمادي الشـافعي م: ٨٩٧ک/١٤٩١ز) بـوو، یەکێــک لــە یاریــدەرەکانی هەمــان قوتابخانــە. لــە ڕەمەزانــی ســاڵی (٩٥٤ک/١٥٤٧ز) کۆچــی یەکجــاری کــرد، لــە پەنــای مەقــام و پێگــەی ئیبراهیمــی لــە دەرەوەی دەرگــەی تربــەی گۆڕسـتانی چاکـەکاران نێـژرا. (ابـن الحنبـلي، ١٩٧٢، ٧٩/١/١-٨٠).

**٣. چاودێری وەقفەکان[٢٣] (ناظر الاوقاف)**

لـە ئەرکـە بـەرزەکان بـوو لـە شـاری حەلـەب. یەکێـک لـەو کەسـایەتییە کوردانـەی ئەرکـی چاودێریـی چەنـد وەقفێکـی بەڕێـوە بـرد لـە کتێبـی (در الحبـب) ئامـاژەی بـۆ کـراوە (محمـد بـن عـلي ابـن شـيخ الاسـلام شـهاب الديـن احمـد مـلا حاجـي الحصكفـي الاصـل ثـم الحلبـي الشـافعي) نـاسرا بـوو و بـە (مـلا محمـد الحصنـي و بـە الملا ٨٩١-٩٧١ک/١٤٨٥-١٥٦٣ز). لـە حەسـەنکێف لەدایـک بـوو، لـە ناوچەکـەی خـۆی زانسـتی وەرگـرت لەسـەر دەسـتی هەریـەک لـە (مـلا محمـد بدليـسي الشـافعي[٢٤] (قوتـابی باپیـری) زانسـتی تێگەیشـتن لــە ئاییــن. هەروەهــا لای (مــلا محمــد الكــردي[٢٥] ناسرابــوو بــە (ابــن قلعــي) زانسـتی ڕستەسـازی خوێنـد. لای (شـمس الديـن ابـن هـلال النحـوي الشـافعي م: ١٥٢٧/٩٣٣ز) ژیربێـژی خوێنـد و زانسـتی ڕەوانبێـژی لای مێژوونـووس (ابـن الحنبـلي) وەرگــرت. لــە مــاوەی ژیــانی (مــلا محمــد) چەنــد پلــە و پۆسـتێکی وەرگرتـووە لـە حەلـەب و دەرەوەی حەلـەب بـە تایبـەتی لـە دیمەشـق و عێـراق و حیجـاز لەوانـە سەرپەرشـتی و چاودێریکـردنی وەقفـی (مزگـەوتی ئومـەوی) لـە حەلـەب هەروەهــا وەقفــەکانی مزگــەوتی (الحرميــن الشريفيــن) و سەرپەرشـتیی بەڕێوبـردنی وەقفـی قوتابخانـەی (السـليمية) لـە گەڕەکـی (الصالحيـة)ی دیمەشـق و (مقـام ابراهيـم بـن ادهـم) و (بەڕێوەبـەری هـەردوو مەشـهەدی (عـلي و الحسـين ڕەزای خوایـان لـێ بێـت) لـە عێـراق دواتـر سـاڵی (٩٤٦ک/١٥٣٩ز) لادرا. )ابــن الحنبــلي،١٩٧٣، ١/٢/ ٣٩٣-٣٩٤؛ البورينــي، ١٩٥٩، ١٨٠/١).

**٤. وانەگوتنەوە و پێداچوونەوە**

زانایــانی کــورد لــە شــاری حەلــەب هــەردوو ئەرکــی وانەگوتنــەوە و پێداچونەوەیــان وەرگرتــووە، لەپێشــەوەی هەمـووان لـە کتێبـی (در الحبـب) نـاوی هاتبـێ (أبوبکـر بـن اسـماعيل بـن يوسـف السـندي الحصكفـي الشـافعي الـشرابي م: ٩٢٠ک/١٥١٤ز). کـوڕی بـرای زانـا و سـەرۆکی قازییـەکان (شيخ الاسـلام شـهاب الديـن أحمـد کـە ناسرابـوو بـە مـلا حاجـي م:٨٩٤ یـان ٨٩٥ک/١٤٨٩یـان١٤٩٠ز) هاتـە حەلـەب لەگـەڵ زانـاکانی کۆبـۆوە بەتایبـەتی لەگـەڵ گـەورەی هەمـوو زانایـانی

شاری حەڵەب زانای کورد (البدر السیوف الاربلي) بوو و لە لای (البرهان الدین العمادي) زانستی وەرگرت. لای مامی سەرۆکی دادوەران (شیخ الاسلام شهاب الدین أحمد ناسراو بە مەلا حاجي) و زانای دیکە زانستی وەرگرت. بەهرەمەند بوو لە زانستی عەقلییەکان، شارەزاییەکی تەواوی لە بابەتە ئاوەزمەندیەکان - عەقلانیەکان پەیداکرد، بەتایبەتی لە بواری ئەستێرەناسی و شێوەگەری (الهیئە)، لەوکاتەی لە خوێندنگەی (العصرونیة) ی حەڵەب بوو لە مانگی ڕەجەب ساڵی (٩١٠ک/١٥٠٤ز) شرۆڤەی کتێبی (القصاري[٣٦]ی کرد. (ابن الحنبلي، ١٩٧٢، ١/١/ ٣٦٥).

لە خوێندنگەی ماردین سوڵتان )قاسم بک بن جهانکیر بن سلطان حسن بک [٣٧]( ئەرکی مامۆستایەتیی وانەبێژی پێ سپارد، لە نەریتە باوەکانی دەگوترێ: هیچ کات خەنجەرەکەی لە خۆی جیانەدەکردەوە تەنانەت لە کۆڕی دەرسەکانیشی. پاشان گەڕاوە بۆ (العمادیة) ئامێدی چونکە لەوێ ئەرکی دادوەری پێسپێردرا. بەگوێرەی ئەوەی لە دەستنووسی خۆی کەوتۆتە دەست مێژوونووس (ابن الحنبلي) وادیارە گەڕاوەتەوە ئامێدی هەر لەوێ پێش ساڵی (٩٢٠ک/١٥٠٤ز) کۆچی یەکجاری کرد. (ابن الحنبلي، ١٩٧٢، ٣٦٥/١/١-٣٦٦ ، ١/٢/ ٢٦٠).

زانایەکی دیکەی کورد (موسی بن حسن الکردي الالاني الشافعي م:٩٣٠ک/١٥٢٢ز). سەرەتای ژیانی زانستی لە شاری مەراغە بوو، لە لای دەستەیەک، هەروەها لە شاری حەما لای (الشمس البازلي الکردي)، لە مەککە ڕاڤەکردنی (البیضاوي)، هەروەها لە ئەنتاکیە کتێبی (شرح التجرید) لەگەڵ پەراوێزی (متن جغمیني) لە گەردوونناسی خوێند. دوای جێگیربوونی لە حەڵەب بەردەوام دەبێت لەسەر گرنگیدان بە کتێب و لەبەرگرتنەوەی کتێبە زانستییەکان، لە ڕێزی زاناکانی ئەم شارە بوو، ئەرکی وانەگوتنەوەی وەرگرت لە زاویەی (شیخ عبدالکریم الخافي[٢٨]. لەگەڵ ئەوەشدا شەیدای خوێندنی زانستی کیمیا و پێوەندییەکی باشی هەبوو لەگەڵ (موسی بن حسین الالاني الکردي م: ٩٣٩ک/١٥٣٢ز) بۆ دەستخستنی ئەم زانستە هاوڕێ و هاوکاری یەک بوون. (ابن الحنبلي، ١٩٧٣، ١/٢/ ٥٠٢-٥٠٣).

مێژوونووس (ابن الحنبلي) لە ژیننامەی دەڵێت، مامۆستامان بوو لە زانستی ڕەوانبێژی. وەسف کراوە بەوەی پیاوێکی زاهد و ئارامگر و لە خواترس بووە، ناوبانگی دەرکردبوو بە (مەلا موسی الاول الکردي الالاني). لە کۆتایی بەهۆی توش بوونی بە پەتای طاعون، ساڵی (٩٣٠ک/١٥٢٢ز) لە شاری حەڵەب کۆچی دوایی دەکات و پێش خۆی خێزانەکەی کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی (اولاد الملوک) لە دەرەوەی دەرگەی (قنسرین) بە خاک دەسپێردرێت. (ابن الحنبلي، ١٩٧٣، ١/٢/ ٥٠٣-٥٠٤).

زانایەکی دیکەی کورد (برهان الدین الکردي القصیري الشافعي، ابراهیم بن أحمد بن یعقوب) ناسراو بە فەقیهی (الیشبیکیة[٢٩]. ساڵی (٨٥٠ک/١٤٤٦ز) لە دەوروبەری حەڵەب لە گوندێکی سەر بەناوچەی (القصیر) لەدایک بوو، دواتر لەگەڵ باوکی کۆچ دەکەن بۆ حەڵەب و تیایدا نیشتەجێ دەبن. لەوێ قورئانی پیرۆز و (الحاوي الصغیر) ئەزبەرکرد. لە دیمەشق و قاهیرە و حەڵەب گوێبیستی فەرمووده بوو لەلای دەستەیەک. (ابن الحنبلي، ١٩٧٢، ١/١/ ٢٢-٢٤).

مێژوونووس (ابن الحنبلي) وەسفی دەکات: "کەسێکی ئایینپەروەر، هەمیشە خەریکی خوێندنی قورئان بوو، باوەڕپێکراو بوو لای هەموو کەس، زۆربارگران نەبوو، ڕۆح سووک بوو لای خەلک و خەرجی زۆر نەبوو، زمان گیراوبوو لە ئاست پاشەملەی خەڵک، لاڵ لە ئاست خراپەکاری، ڕژد لەسەر فێرکردنی فێرخوازانی. شوێن ونەزرگەی وانەگوتنەوەی لە خوێندنگەی (الیشبکیة) بوو لەوێ وانەی بە منداڵان دەوتەوە و پەروەردەی دەکردن، لەبەر پایەبەرزیی خۆی، پارەیەکی کەمی بەرانبەر وانەگوتنەوە وەردەگرت، بەڵام شانازی پێوە دەکرد، بەو هۆیەشەوە بە فەقیهی (الیشبکیة) ناوی ڕۆیشتبوو، جگە لەوە چەند پاشگر و ناسناوێکی تری بەدوا کەوتبوو بە گوێرەی ئەو شوێنانەی لێی ژیابوو، وەک پاشناوی خوێندنگەی (الشرقیة[٣٠] ومزگەوتی (النارنجة[٣١] ". (ابن الحنبلي، ١٩٧٢، ٢٢/١/١-٢٤). بەهۆی پێگە زانستییەکەی کەسانێکی زۆر سوودیان لێوەرگرت، لە هونەر و مەعریفەکانی بەهرەمەندبوون بەتایبەتی لە زمانی عەرەبی و ژیربێژی و ژمێریاری و بیرکاری و زانستی میرات و شەرعزانی و شێوازەکانی خوێندنەوەی قورئان و ڕاڤەی قورئان. کۆچی دواییەکەی لە شەوی (١٤ی جمادي الاخر)

ساڵی (٩٣٣ک/١٥٢٦ز). لە ڕۆژئاوای حەلەب نێژرا. (ابن الحنبلي، ١٩٧٢، ٢٥/١/١-٢٦، ٧٨، ٨٤، ١٦٦، ٥٣٣، ٥٦٢، ٧٢١؛ ابن العماد، ١٩٨٦، ٢٦٨/١٠-٢٦٩؛ الغزي،١٩٩٧، ١٠٦/١-١٠٧).

زانای کوردی بە ڕەسەن خەڵکی شاری بەدلیس (الشیخ شهاب الدین البدلیسي الشافعي، أحمد أبو رجل[٣٢] لە حەلەب گیرسایەوە، یەکێک لە مامۆستاکانی ئەو شارە بوو، وانەی دەوتەوە لە پێناو ڕەزامەندی خوای گەورەو بێبەرانبەر. زانایەکی شەرعزان بوو، لەگەڵ ئەوەی وەستان هەبوو لە ڕەوانبێژیەکەی بەڵام کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵکی حەلەب سوودمەند بوون لە وانەکانی. دەگوترێ توندبوو بۆ ئایین، ئەوەی لێی دەگێرنەوە لە کاتی ئەنجامدانی فەریزەی حەج لەگەڵ هەندێک لە بازرگانەکانی حەلەب دەڵێن: (الشیخ شهاب الدین البدلیسي) لەگەڵ ئەو کۆمەڵەیە لە مەککە دانەبەزی مکوڕ بوو لەسەر نیشتەجێ بوونی لە حەرەمی مەککەی پیرۆز و مانەوەی لەبەر گەرما لەناو حەرەمدا و ئامانجی لەم کارەی بەدەستهێنانی پاداشتی زیاتر بوو. شوێنی گیرسانەوە و سوودبەخشینی مزگەوتی (تغري بردي[٣٣] و مزگەوتی (منكلي بغا[٣٤])بوو. ساڵی (٩٣٣ک/١٥٢٦ز) لە شاری حەما کۆچی دوایی کرد. (ابن الحنبلي، ١٩٧٢، ١٣٢/١/١-١٣٤).

زانایەکی دیکە (الشیخ شهاب الدین الکردي الباکزي الحنفي، أحمد بن الحسین بن محمد بن أبي الوفاء). مرۆیەکی دیندار و باوەڕمەندبوو، لە مزگەوتی (الحولیة[٣٥] منداڵانی حەلەبی پەروەردە دەکرد، چەندان نەوە سوودیان لێ بینی لە فێرکردن و ڕەوانکردنی قورئانی پیرۆز و ئامۆژگاری ڕێنمووی دەکردن، بەهۆی ئەوەی لە ماڵباتی ناسراوی ئامێدی بوو، لە ناو خەڵک بە ماڵباتی وەفا ناسرابوون، ئەو ناوەیش لە باپیرەوە بۆیان مابووەوە، دەگێرنەوە باپیری خاوەنوەجاخ و گوتم بەدەست بوو دەرمانی (اللاذن - لازن[٣٦] )ی دەگرتەوە و قوڕی لە زەوی هەڵدەگرتەوە خەڵکی پێ چارەسەر دەکرد بژێوی لەسەر ئەو کارە بوو خەڵک قەناعەت و متمانەیان پێبوو. (ابن الحنبلي،١٩٧٢، ١٣٦/١/١- ١٣٧).

شایەنی باسە (الشیخ شهاب الدین) یەکێک لە چاوەکانی تووشی نەخۆشیەک بوو پێیان دەوت (التوتة) ئەو نەخۆشیە زیانی بە چاوی گەیاند، هەندێک لە پزیشکەکان ئاگاداریان کردەوە کە نابێت ئاوی بەرکەوێت، بەڵام شێخ ئەوەی ڕەت کردەوە لەبەر دەستنوێژەکانی هەرچەندە لە ڕووی شەرعەوە ڕێپێدراوە بۆی هەبوو دەسگڵی (تەیمووم) بکات، دەیوت: "من چی لە چاو بکەم، کە دەستنوێژم لەدەست چوو". لە ساڵی (٩٤٨ک/١٥٤١ز). گەڕایەوە بەر دڵڤانی خودێ. (ابن الحنبلي،١٩٧٢، ١٣٦/١/١- ١٣٧).

زانایەکی دیکەی کورد (الشمس ابو عبدالله العیني[٣٧] الاصل الحلبي الحنفي، محمد ابن الشیخ صالح الفاضل محمد بن محمد بن بلال) ساڵی (٨٧٥ک/١٤٧٠ز) لە شاری حەلەب لەدایکبوو، لای دەستەیەک لە زانا گەورەکان و کەسانی شارەزا زانستە جۆراوجۆرەکانی خوێند. ئینجا سەرقاڵ بوو بە وانەگوتنەوە لە مزگەوتی گەورەی حەلەب (الاموي) لە پاڵ ئەمەش دانەبڕا لە نووسین و فەتوادان تا پیری تەنگی پێهەڵچنی لە دوا قۆناغی تەمەنی هەموو تواناکانی چڕکردەوە بۆ نووسین و کتیب دانان لە بوارە جیاجیاکان، تەنانەت لە بواری سۆفیگەریش، بەڵام هیچ نووسینێکی دوای مردنی لەو بوارە دیارنەما. دوای ئەوەی وازی لە هەردوو خوێندنگەی (الحلاویة و (الشاذبختیة[٣٨] هێنا، زیاتر لە دە ساڵ بەردەوام بوو لە وانەگوتنەوە، زۆر لێنەبڕاوانە خزمەتی کرد، بە بڕە پارەیەکی کەم، یەکێک لەو ڕووداوە دڵتەزێنانەی لەو ماوەیە تووشی بوو لە دەستدانی کوڕەکەی بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەش کەسێکی ئۆقرەگرو دامەزراو بوو کارەساتەکان پەکیان نەدەخست، کاتێک خەڵکی پارەدار و داراییی حەلەب ویستیان هاوکارییەکی باشی بکەن بەهۆی نەخۆشیی کوڕەکەی ئەو ڕەتی کردەوە ئەو هاوکارەیە وەربگرێت. لە ئاکارەکانی بەڕۆژ بەڕۆژوو و بە شەو شەونوێژی دەکرد، هەرگیز دەستی لە پارە و دینار و درهەم نەدەدا، بۆ بابەتی پارە ژماردن و خەرجی ئەو ئەرکەی بە کەسێکی نزیکی دەسپارد، خاوەنشکۆ و شەوکەت و سەنگین بوو، کەسێکی جوانپۆش و کەشخە بوو هەمیشە پۆشاکی (طیلسان[٣٩] ی دەپۆشی. مرۆیەکی خاکی و خۆبەکەمگربوو، دوو ساڵ بەرلەوەی دونیا جێ بیڵێت وەسیەتی کرد پەرتووکەکانی وەقفبکرێتە سەر ئەهلی زانست و زانین، بەرەبەرە بەسەر

خوێنەوارانی دابەش کرد لە کۆتایی تەنیا بڕێکی دەگمەنی لا ماوە. هەر لەو کاتەی کۆچی کرد لە حەلەبەوە بۆ مەککە، ماڵەکەی ببووە مەکۆی خوێندەوار وشاگردانی زانست وەک ڕووگە ڕوویان تێدەکرد. (ابن الحنبلي، ١٩٧٣، ١/٢/ ١١٨-١٢١).

مێژوونووسی حەلەبی (ابن الحنبلي) لە بارەیەوە دەڵێت: " (الشیخ شمس الدین) بێ ئەندازە زیرەک و ژیربوو، لە ئەزبەرکردن بێوێنە بوو، ڕووچووبوو لە بابەتە عەقلییەکان و زمانی عەرەبی، لێ مخابن خاڵی لاواز و بەدبەختییەکەی ئەوە بوو، خەتی ناخۆش بوو کەس نەیدەزانی چی نووسیووە، بەجۆرێک کەس تێنەدەگەیشت، تا ئەو ئەندازەیە خەتی بێ سەرووبەر نەدەخوێنراوە جگەلە چەند کەسی دەورووبەر کە شارەزایی تایبەتیان لە دانراوە دەستنووسەکانی ئەو هەبوو، ئەوەش دوا جار بووە هۆی پەرشوبڵاوبوون و لە ناوچوونی دەستنووس و بەرهەمەکانی". (ابن الحنبلي،١٩٧٣، ١/٢/ ١٢٠-١٢١).

یەکێک لە خەسڵەتەکانی لە هەموو بۆنە و جەژنەکان لە مزگەوتی گەورەی ئەمەوی لە حەلەب لە دوا ڕیز/ واتە یەکەم بەلای خۆرئاواوە دەمایەوە، واتە ئەو شوێنەی کە جێگرەکانی حەلەب لە سەردەمی دەوڵەتی چەرکەسی نوێژیان تێدا دەکرد. لە ساڵی(٩٥٧ک/١٥٥٠ز) ماڵاوی لەدونیاکرد، لە حەلەب سەری نایەوە لە گۆڕستانی حەجاج بەخاک سپێردرا. (ابن الحنبلي، ١٩٧٣، ١٢٠/١/٢-١٢١).

زانایەکی دیکەی کورد (الشیخ شهاب الدین أبو العباس الحصکفي الاصل الحلبي الشافعي، أحمد بن محمد بن علی بن محمد بن أحمد). ، ئەوەی (أحمد بن یوسف بن موسی السندي ناسراو بە ملا حاجي م: ٨٩٤ک/١٤٨٩ز). ساڵی (٩٣٧ک/١٥٣٠ز) لە حەلەب لەدایک بوو هەر لەوێش نیشتەجێ بوو، لەژێر سایە و سێبەری باوکی پێگەشت و گەورەبوو، بە زانست و زانیارییەوە خەریک بوو، لای دەستەیەک کتێبە جیاوازەکانی زانستە عەقلی و نەقلیەکانی وەرگرت هەموو ئەو زانستانەی خوێندی مۆڵەتی تێدا وەرگرت. لە ساڵی (٩٦٤ک/١٥٤٦ز) وەک مامۆستای وانەبێژ لە خوێندنگەی (البلاطیة[٤٠] لە حەلەب دەستبەکار بوو. (ابن الحنبلي،١٩٧٢، ٢٣٩/١/١-٢٤٥).

دوای ئەوەی دەستێکی باڵای لەزانست پەیدا کرد، پەرتووکێکی دانا لەژێر ناونیشانی: «عقود الجمان، في وصف نبذة من الغلمان» هەروەها کتێبێکی تریش لە ژێر ناونیشانی: «الروضة الوردیة في الرحلة الرومیة»، وەکوو (ابن الحنبلي) دەڵێت "وەک یەکێک لە کتێبە گرنگ شاکارەکانی سەردەمی خۆی مامەڵەکرا، وەک ئەستێرە درەوشایەوە، گەیشتە کەشکەشان". سەرەڕای ئەوانە لە هۆنراوە دانان دەستێکی باڵای هەبوو، لە سەردەمی خۆی هۆنراوەکانی کەوتە سەر زار و زمان. هەروەها قەسیدەیەکی بەناوبانگی هەیە بەناوی (مەلیح ڕەشی پۆشی). (ابن الحنبلي،١٩٧٢، ٢٣٩/١/١-٢٦٨؛ بەراورد بکە بە: العرضي،١٩٨٧، ٩؛ الحموي الدمشقي، د.ت، ١/ ٢٧٧-٢٨٠ ؛ البوریني، ١/ ١٨٠-١٨٦؛ الغزي،١٩٩٧، ٩٩/٣-١٠٣).

### ٥. پێنجەم: پێشنوێژ و بانگبێژ

ئەو کەسایەتییە کوردانەی لە کتێبی (در الحبب) ژیننامەیان تۆمار کراوە ئەرکی پێشنوێژ یان بانگبێژییان وەرگرتووە، ئەوانیش (ابوبکر علی بن ابی بکر الحصکفي الحجار المعروف بالحصنیة (٨٧٠-٩٦٧ک/١٤٦٥-١٥٥١ز) مێژوونووسی حەلەبی (ابن الحنبلي) لەسەر زاری خەڵکی حەلەب دەگێڕێتەوە باوکی نزیک بوو لە (الملک الکامل الایوبي[٤١] ی دەسەڵاتداری حەسەنکێفا، ئەوکاتەی قەرەقوینلووکان (٨١٤-٩١٤ک/١٤١١-١٥٠٨ز) بە سەرکردایەتیی (سلطان حسن بک ابن قرایلوک [٤٢] ناوچەی جەزیرەی فوراتیان داگیر کرد ئەو بنەماڵەیە کۆچ دەکەن بۆ شاری حەلەب، دایکی سکی پڕ بوو بەو، لەوێ لەدایک بوو و پێ گەیشت. بووە پێشنوێژی مزگەوتی بازاڕی (الحجارین) لە حەلەب، وەسفکرایە شێخێکی ڕووناکبیر بوو، خۆشەویست بوو لای گەورە و بچووک خەڵک تا ئاستێک متمانەیان پێ بوو هەموو ڕازونیازێکیان بۆی دەدرکاند. (ابن الحنبلي، ١٩٧٢، ١/١/ ٣٩٦-٣٩٧).

لەنێو بنەماڵەی ئەیووبی (زین الدین ابن الامیر ناصرالدین ابن الامیر زین الدین الایوبی الحلبي، منصور بن محمد بن قراکز الاصیل م: ٩٥٣ک/١٥٤٦ز)، یەکێک بوو لە بانگبێژانی مزگەوتی گەورەی حەلەب. دەرگەوان و

دەربــاری ســەرۆکی قازییــان (جـمال الدیــن یوســف الحنفــي سـبط المقـري المحـي ابـن آجـا) بـوو، پاشـان بـووە بـە بـازرگانی قومــاش، مــاف و پشــکداری هەبــوو لــە وەقفــی نەوەکانــی بنەماڵــەی ئەیــووبی لــە شــاری حەمــا، چونکــە باوکــی کــوڕی (تــازە خاتــوون کچــی حبیبــە خاتــوون)ی کچــی (الملـك المؤیـد اسـماعیل الایـوبي - أبي الفـداء)ی خـودان و خاوەنـی حەمـا و مێــژووە دیــارو ناسراوەکــەی (تاریــخ أبي الفــداء). بەهــۆی ئــەو تێکەڵــی و نزیکییــەی لەگــەڵ دادوەری ناوبــراو و هــەر چــوار قازییەکــەی تــر لــە کاروبــاری دادەوەریــدا پاشــناوی دادوەری (زیــن الدیــن)ی بەســەردا بڕابــوو، هەرچەنــدە ئــەو ڕۆژێــک کاری دادوەری و تەنانــەت جێنیشــینی نەکردبــوو. لــە ســاڵی (٩٥٣ک/١٥٤٦ز) لـە حەلـەب کۆچـی دوای کـرد. (ابـن الحنبـلي، ١٩٧٤، ٢/٢/٤٩٨).

### تــەوەری ســێیەم: ژیاننامــەی کــوردە ســۆفیەکان و شــێخانی تەریقــەت

هەروەکــوو ئاماژەمــان بــۆ کــرد مێژوونــووس (ابــن الحنبــلي) لــە کتێبــی (در الحبــب) ژیننامــەی هەمــوو چیــن و دەســتەکانی کۆمەڵگــەی حەلــەبی تۆمارکــردووە ســۆفی و شــێخانی تەریقــەت وەک چینێکــی دیــار ئاماژەیــان بــۆ کــراوە، کــوردانی ســۆفی و شــێخانی تەریقــەت و خــاوەن تەکیــە و زاویەکانیــش لەبیــر نەکــراون، لەنێویشــیان (الشــمس المجاهــدي الایــوبي الحمــوي الحلبــي الشــافعي الصــوفي) ناسرابــوو بــە (شــماعزادە). دوای ئــەوەی شــاری حەلەبــی هەڵبــژارد بــۆ نیشــتەجێ بــوون ماوەیــەک ئەرکــی چاودێــری خانــەی لێــدانی دراوی وەرگــرت. ئــەوەی تایبــەت بــە بــواری ســۆفیگەری دەســتی کــرد بــە ڕێنوێنیکــردن و پەروەردەکردنــی موریــد و شــوێنکەوتووانی کــە هەمیشــە بــە دەوریــەوە بــوون. لــە خەســڵەتەکانی پێشــەوا و زیــرەک و زمــان پــاراو و جوانــنووس بــوو هــەم لــە پەخشــان و هــەم لــە هۆنــراوە، بیرتیــژ و وریــا، خۆشــمەشرەب و ئــاکار و ڕەفتــار ڕەندبــوو، کــۆڕو مەجلیــس خــۆش و خرۆشــاوبوو، وتارەکانــی چێژبەخــش و ســەرنجڕاکێش بــوو، توانایەکــی تایبەتــی هەبــوو لــە وەڵامدانــەوەی پرســیاری خێــرا و لەنــاکاو، قســەلەجێ و دانابــوو، جۆرێــک لــە گۆشــەگیری لــە هەڵســوکەوتەکانی هەبــوو، چونکــە لــە حەلــەب دوور لــە ئاوایــی ئاپــوورە ماڵێکــی پێکەوەنابــوو. دەســکراوە بــوو لەگــەڵ هــەژار و نــەداران خــودان دەســتێکی بــاڵا بــوو لــە زانســتی کلام و ئەستێرەناســی و پیتناســی و ســۆفیگەری. زیاتــر لــە جارێــک ســەردانی ماڵــی خــوای کــرد لــە پــاڵ حەجکردنــی لــە مەککــەی پیــرۆز دەمایــەوە هەروەهــا ســەفەری هندســتانی کــرد، هەندێکجــار بــۆ ماوەیــەک لــە ئەشــکەوت و پەناگــەکان خەڵوەتــی دەکــرد بــە مەبەســتی پەرســتش. یەکێــک لــە بەرهەمەکانــی کــە دەربــارەی ســۆفیگەری نووســیوە بــە ناونیشــانی «منشـأ الأغالیـط في اصطـلاح الصوفیـة» دەربـارەی بیروبــاوەڕە هەمــوو ئــەو بابەتانــەی شــەنوکەوکرد کــە پێچەوانــەی بیــروڕای ئەهلــی ســونە و جەماعــەن. (ابــن الحنبــلي،١٩٧٣، ٢/١/ ٨٢-٨٨).

لەگــەڵ ئــەوەی لــە حەلــەب حەوشــە و تەلارێکــی فراوانــی هەبــوو، بــەڵام ئــەو هــەرزوو جێیهێشــت و ڕووی کــردە شــاری مەککــەی پیــرۆز بــە مەبەســتی ئــەوەی فــەڕ و پیــرۆزی ئــەو شــوێنە پیــرۆزەی بەرکەوێــت بڕیاریــدا لــە مەککــە بارگــەی بخــا، لــەوێ بمێنێتــەوە، بــەڵام کەڵکەڵــەی ئــەوە لەســەری داو بڕیاریــدا بچێتــە شــاری مەدینــە لــەوێ بمێنێتــەوە، چــووە مەدینــە لــە ڕۆژی سێشــەمە بیســتی مانگــی (ذي القعــدة) ی ســاڵی (٨٦٣ک/ ١٤٥٨ز) لــە کاتــی گیانســپاردنی خرابــووە نــاو کەژاوەیــەک چــاوی بڕیبــووە گۆڕســتانی بەقیــع زۆر لاواز و بێهێــز بووبــوو بــە دەم ســەیرکردنی منــارەی مزگەوتــی منــەوەرە و ســەلاوات لێدانــەوە گیانــی ســپارد. پاشــان هێنایانــە مزگــەوتی ڕەوزەی پەیامبــەر شووشــتیان و کفنیــان کــرد و نوێژیــان لەســەر کــرد و لــە بەقیــع نێــژرا. هاوســەری کچەکــەی کــە نــاوی (جــلال الدیــن النصیبــي٨٥١-٩١٦ک/١٤٤٧-١٥١٠ز) لــە قەســیدەیەکدا دەیلاوێنێتــەوە بــەو شــێوەیە دەســت پــێ دەکات:

ونبـوو و ئـاوا بـوو خۆری زانست ئیتر خـۆر گیرا
لـە دوای ئاوابوونـت ئیـتر چاوەکانـم نابینێـت

(ابن الحنبلي،١٩٧٣، ٨٣/١/٢-٨٨).

شــێخی ســۆفی کــورد (الشــیخ الفقیــە عــلاء الدیــن الکــردي الــشرابي الشــافعي، عــلي بــن محمــد م: ٩٠٥ک/ ١٤٩٩ز). ئــەوەی لەبــارەی زانــراوە قوتابیــانی زانســتی فەرموودەنــاسی لای دەگیرســانەوە، لــە ســەروەت و سامانی خــۆی بــۆی خــەرج دەکــردن، لەســەر دەســتی بەناوبانگتریــن فەرمودەنــاس و

مێژوونـووسی حەلـەبی (الشـیخ ابي ذر بـن البرهـان الحلبـي م: ٨١٨-٨٨٤ك/١٤١٥-١٤٨٠ز) فەرمـودەی وەرگـرت، بڕوانامـەی لەسـەر دەسـتی ئـەو وەرگـرت لـە کتێبـی (مصابیـح السـنة[٤٣]، ئـەم زانـا کـوردە پێـش ئـەوەی کۆچـی دوایـی بـکات کتێبـەکانی وەقـف کـرد لـە لای بنەماڵـەی بەناوبانگـی حەلـەب (الشـیخ ابراهیـم العـرضي و نـەوەکانی). ئـەوەی لـە کتێبـی (در الحبـب) لـە بـارەی ئـەم زانـا خواناسـە کـوردە تۆمـار کـراوە هـەرکات خواردنێکـی کڕیبـا ئـەو خواردنـەی هەڵدەبـژارد کـە مـرۆڤ ئـارەزووی نەبـوو بـۆ خـواردنی و هـەر کاتێـک خواردنێـک دەهاتـە بەردەمـی ئـەوەی خـراپ بـوو هەڵیدەبـژارد نـەوەک نەفـسی ڕابێـت لەسـەر داواکـردنی خـواردنی چـاک، هەمیشـە کەسـانی دیکـەی پێـش خـۆی دەخسـت. (ابـن الحنبـلي، ١٩٧٣، ٩١٨/٢/١-٩١٩).

لەنێـو کـوردانی ناوچـەی ئامێـدی (زیـن العابدیـن بـن الحسـن بـن عبداللـە بـن عمـر بـن علـی بـن عبداللـە بـن سـلیمان بـن أحمـد ابـن الفقیـە مـوسی بـن یونـس بـن عـلاء الدیـن بـن عبداللـە بـن القـادر بـن عبدالوهـاب بـن حسـین ابـن الشـیخ الیـاس بـن شـیخ عـلی بـن مـوسی بـن جعفـر بـن خالـد بـن مـوسی المسـمی بالشـمو، المتصـل بعاصـم بـن علـی بـن عبداللـە بـن العبـاس، الجـزري، الحزنـواني الحزیـزاني م: ٩٣٧ك/١٥٣٠ز). بـاب و باپیـرانی خەڵکـی گونـدی (فقـە موسـیان) لـە نزیـک ڕووبـاری بهـکان لـە ناوچـەی (ڕێـکان)ی سـەروو سـەر بەئامێـدی. لـە ئامێـدی ئامـۆزاکانی ڕەچەڵەکییـان گەڕانـدەوە بـۆ (قـاضي اسـماعیل بـن محمـد العـمادي الریـکاني) سـاڵی (٨٨٩ك/١٤٧٤ز) دادوەری جەزیـرە بـوو. پاشـان پێوەنـدی بـە یـەک بەیەکـی دادوەر و جێگرانـی کـرد، لـە نێویـان سـەرۆکی دادوەران (کـمال الدیـن الربعـي الحلبـي التـادفي الشـافعي م:٩٥٦ك/١٥٤٩ز)ی مامـی مێژوونـووس (ابـن الحنبـلي) لـە سـاڵی (٩١٢ك/١٥٠٦ز). (ابـن الحنبـلي، ١٩٧٢، ٢/١/ ٦٤٦-٦٤٧).

کاتێـک کولێـرا لـە حەلـەب بڵاوبـووەوە، دەسـتی کـرد بـە مـردوو شووشـتن، سەرپەرشـتی شوشـتنی کۆیلـەکانی جێگـری سـوڵتانی حەلـەب (ازدمـر الجرکـسي م:٨٩٩ك/١٤٩٣ز) لـە ئەسـتۆی گـرت، کـە خاوەنـی هـەزار کوێلـە بـوو. هەمـوو ئـەو کۆیلانـەی دەمـردن بـە دەسـتی خـۆی دەیشووشـتن ئـەوەی هەیـان بـوو بـۆ خـۆی گڵ دەدایـەوە تـا بـووە بـە کەسـێکی سـەرمایەدار و زەنگیـن، لەسـەر ئـەو کارەی بـەردەوام بـوو. سـەردەمانێک لـە حەلـەب ئەڵقـەی نهێنـی پارێـزەری شـێخی شـێخان، ئینجـا بـووە شـێخی شـێخانی حەلـەب، لەسـەر ڕێبـازی قـادری سـوهرەوەردی ڕفاعـی بـوو، لـە سـاڵی (٩٥٠ك/١٥٤٣ز). مۆڵەتـی شـێخایەتی وەرگـرت، پۆشـاکی تایبـەت بـە ڕێبـازی قـادری پۆشـی لەسـەر بەرماڵـی ئـەو ڕێبـازە ڕوونیشـت و پەیـمان وبەڵێنـی وەرگـرت، مێـزەری ڕەشـی لەسـەر نـا. پیاوێکـی زمـان پـاراو و ڕەوان و بلیمـەت بـوو، لـە پـاڵ زمانـی عەرەبـی هـەردوو زمانـی فارسـی و تورکیشـی دەزانـی. (ابـن الحنبـلي،١٩٧٣، ٦٤٧/٢/١-٦٤٩).

لەنێـو کـوردانی هـۆزی ئـالالانی (مـوسی بـن الحسـین نـاسراو بـە عـوض بـن مسـافر بـن الحسـین بـن محمـود الکـردي الالاني السرسـولي الشـافعي م:٩٣٩ك/١٥٣٢ز). گیرسـاوەی حەلـەب، زانسـت و زانینـی لەسـەر دەسـتی کۆمەڵێـک زانـا و مامۆسـتا دەستخسـت لەوانـە: (مـلا محمـد نـاسراو بـە بیـر القلعـي)، لـە خوێندنگـەی ئامێـدی، ئـەو خوێندنگەیـە بـووە شـوێنی پێگەیشـتن و پێگەیانـدن و وانەگوتنـەوەی، دواتـر لـەوێ کۆچـی کـرد و جێیهێشـت ڕووی کـردە شـاری حەمـا پێـڕەوی ڕێبـازی تەسـەووف هەڵبـژارد، ڕێبـاز و ڕێچکـەی (سـیدی علـوان الحمـوي) پەسـەند کـرد، جگەلـە لـە لایەنـی ڕۆحـی زۆر بابەتـی هەمەمەجـۆری لـە خزمەتـی خوێنـدن سـوودی لێبینـی، پاشـان بـە مەبەسـتی چارەسـەری چـووە حەلـەب و لـە خوێندنگـەی (الشرقیـە) مایـەوە بـەردەوام بـوو لـە خوێنـدن، لـە هونـەری ڕەوانبێـژی شـارەزاییەکی تـەواوی پەیداکـرد، ڕوویکـردە شـاری حەمـا، دوای مردنـی (شـیخ علـوان) جارێکـی تـر گەڕایـەوە حەلـەب لـە خانەقـای (الزینبیـة[٤٤] نیشـتەجێ بـوو، لـەوێ دەسـتی کـرد بـە ڕێنمـوی و پەروەردەکردنـی موریـد و دڵسـۆزان لـە سـاڵی (٩٣٩ك/١٥٣٢ز) بـە پەتـای کولێـرا کۆچـی دوایکـرد، لـە ڕێوڕەسـمێکی شایسـتە و شـکۆدار بەئامادەبوونـی ئاپوورەیـەک لـە جەمـاوەر نوێـژی مـردووی لەسـەر کـرا، لەسـەر وەسـیەت و ڕاسـپاردەی خـۆی لـە گۆڕسـتانی پیاوچـاکان لـە تەنیشـت گـۆڕی یۆقنـا نێـژرا. (ابـن الحنبـلي،١٩٧٣، ١/٢/ ٥٠٤-٥٠٥؛ الغـزي،١٩٩٧، ٢/ ٢٤٩-٢٥٠ ؛ ابـن العـماد،١٩٨٦، ٣٣١/١٠-٣٣٢).

لەنێــو کــوردانی ناوچــەی القصیــر (عبدو[٤٥] بــن ســلیمان القصیــري الشــافعي الصــوفي الخلــوتي م: ٩٤٤ک/١٥٣٧ز) چەنــد جارێــک چــووە حەلــەب و لای (الشــیخ البرهــان العــمادي) گیرســایەوە. نــەژاد و بنەچــە و ڕەســەنایەتی دەگەڕێتــەوە بــۆ گونــدی (الخینــو). لەگــەڵ ئــاوەدانی و جــوانی گونــدەی بــەڵام جێــی هێشــت و گواســتیەوە بــۆ گونــدی (خربــە) لــە چیــای (الاقــرع[٤٦]) خانوێکــی بــۆ خــۆی دروســت کــرد دواتــر خەڵــکانی دیکــەش خانویــان لــەم ناوچــە دروســت کــرد و ئاوەدانیــان کــردەوە بــە پیشــەی ئاژەڵــداری خەریــک بــوو، (ابــن الحنبــلي) ی مێژوونــووس لەســەر زاری چەنــد کەســێکی جێــی متمانــە کــە ســەردانی الشــیخ (عبــدو) یــان کردیــە دەگێڕێتــەوە "لــە نزیــک ماڵەکــەی خــۆی ژمارەیەکــی زۆر مەڕومــاڵاتی بەخێــو دەکــرد لــە ژمــارە نەدەهــات". لــەو کەســانە بــوو خــۆی یەکلاکردبــۆوە بــۆ خواپەرســتی بەرادەیەکــی بــەرز، مریــدەکانی جامانــە و مێزەرێکــی ڕەشــیان لەســەریان دەبەســت، ژمــارەی مریــدەکانی زۆر بــوو بــەڵام نەدەگەیشــتە موریــدەکانی کوڕەکــەی وەکــوو کوڕەکــەی خەریکــی زانســتەکان بــووە. (ابــن الحنبــلي، ١٩٧٣، ٨٧٥/٢/١ - ٨٧٦).

کەســایەتییەکی دیکــەی کــورد (رســول بــن خــضر الکــردي البالکــي[٤٦] الشــافعي م:٩٥٨ک/١٥٥١ز) لــە حەلــەب گیرسایەوە، باوکــی شــێخێکی بەناوبانــگ بــوو خــاوەنی زاویــە و چەنــدان موریــد بــوو، بــەڵام خــۆی زیاتــر خواپەرســتی دەکــرد لــە خانەقــای (الزینیــة) و (الشــیخ عبدالکریــم الخــافي) بــۆ مــاوەی زیاتــر لەدوانــزە ســاڵ، کەمکردنــەوەی خــواردن و خــۆ بێبەشــکردن لــە خــۆشی ژیــان و بەخشــینی پێویســتیەکانی بەســەر هــەژاران و نــەداران، لــە مانگــی شــەوال ســاڵی (٩٥٨ک/١٥٥١ز) بــە نەخــۆشی دوای نوێــژی مەغریــب کۆچــی دوایــی کــرد. (ابــن الحنبــلي، ١٩٧٣، ٦٢٦/٢/١-٦٢٧). ســۆفیەکی دیکــەی کــورد (ابراهیــم بــن یوســف بــن ســوار الکــردي البنــاني[٤٨] الخاتــوني الحلبــي) شــافعی مەزهــەب بــوو، شــەرعزانێکی ســۆفی و خوانــاس بــوو، دڵپــاک و ســینەپاکژ و ســاڵۆمەند بــە تەمەنداچووبــوو، شــێخ شــەیدای خوێنــدنی کیمیــا. پێوەنــدی پتــەوی لەگــەڵ (الشــیخ مــلا مــوسی بــن حســن الکــردي الالاني م:٩٣٠ک/١٥٢٤ز) هەبــوو هــاوڕێ یەکتر بــوون لەبەدەســتهێنانی ئــەم زانســتە، بۆیــە کاتێــک کۆچــی دوایــی کــرد ســاڵی ٩٦٠ک/١٥٥٢ز) لەســەر داوای (الشــیخ مــلا مــوسی الکــردي) لــە دەرەوەی دەرگــەی القنسریــن لــە گۆڕســتانی (اولاد الملــوک) بەخــاک ســپێردرا. (ابــن الحنبــلي، ١٩٧٢، /٤٤/١/١-٤٥). نابێــت (عبدالرحمــن بــن ڕمضــان الشــافعي[٤٩]) لەبیربکەیــن. باوکــی ناســناوی (القصــاب) بــوو لــە گەڕەکێکــی لای دەروازەی نیرەبــی شــاری حەلــەب نیشــتەجێ بــوو. لەگــەڵ کۆمەڵێــک هاوڕێــی خەریکــی زانســت و زانــین بــوو، لــەو تۆمــارە مێژووییــەی (ابــن الحنبــلي) هاتــووە (عبدالرحمــن بــن ڕمضــان) کەســێکی لەســەرخۆ و هێمــن و ژیــر و ســادە و کــەم پێداویســتی بــوو، پــاک و دەســپاک و داوێنپــاک بــوو، لەگــەڵ ئەوانــەی لای بــوون، کەمــدوو بــوو، دەســتوخەت خــۆش و ڕوون و ڕەوان بــوو، خــاوەن ناوبانگێکــی درەوشــاوە بــوو، دەنــگ و ســەدایەکی خــۆش و گــەورە و نێرانــەی بــوو، جەســتەیەکی باریکەلــە و شمشــالی هەبــوو، پــاک و ڕۆحســووک بــە حیشــمەت بــوو، ڕازی بــوو بــە کاری قۆپچــە و دوگمــە فرۆشــتن، کەســایەتییەکی دڵپــاک و ســادە و ســاکار و بــێ پێــچ و پەنــا بــوو. لــە مانگــی شــەعبانی ســاڵی (٩٤٦ک/١٥٣٩ز) هــەر لــە حەلــەب مــاڵاوای لەدونیــا کــرد. (ابــن الحنبــلي، ١٩٧٢، ٢/١/ ٧٦٣).

لەنێــو بنەماڵــەی شــێخ (شــیخ عبــدو) ســۆفی بەناوبانــگ (أحمــد ابــن الشــیخ عبــدو بــن الســلیمان الکــردي القصیــري الشــافعي الصــوفي الخلــوتي (م:٩٦٨ک/١٥٦٠ز). دوای ئــەوەی فێــری شــەرعزانی و شــەریعەت و تەریقــەت بــوو، جلــی شــێخایەتی باوکــی کەنــاوی (الشیخ عبــدو بــن سلیمان الکردي م: ٩٤٤ک/١٥٣٧ز) بــوو پۆشــی بــووە جێنشــینی باوکــی، بــەڵام باوکــی بــەو کارەی ڕازی نەبــوو، هیدایــەت و ڕێنمــووی وەرگــرت و چــووە خزمەتــی دەســتەکانی مــاچ کــرد، پەشــیمانی خــۆی لــە خزمــەتی دەربــڕی وتۆبــەی لــە ســەرپێچیی و سنوورشــکێنییەکانی کــرد، پاشــان ســەرقاڵی فێربــوون و بەدواداچوونــی زانســتە شــەریعەکان بــوو، زانیارییەکــی ســنووردار لــە زانســتەکانی زمانــی عەرەبــی هەبــوو، هەمیشــە جلێکــی بــە پلپلــە وتاجێکــی ئاماژەبەخــش و هێــماداری شــێخانەی دەپۆشــی هەڵســوکەوت و جووڵەکانــی وەک پیاوێکــی دارا و دەوڵەمەنــد بــوو، نــەک وەک شــێخێک، هەمیشــە کەســێکی لەپشــت بــوو گۆچانێکــی بــۆ هەڵدەگــرت، کەســێکی میواندۆســت ماڵەکــەی خــوان و مەکــۆی ئەوانەبــوون کــە هاتبوونــە حەلــەب، چــوار ژن وچــوار

کوڕی هەبوو، کوڕەکانیشی هەمووان هاوسەرگیریان کردبوو، ئەوانیش توڕوتۆ و زوڕییەتێکی زۆر و زەوەندیان نابووەوە، بە بەردەوام دەورووبەری سیخناخ بوو لە خەڵکی ڕێوان ماڵەکەی لە چیای (الاقرع) کاروانسەرایەک بوو هەمیشە پەنجا شەست میوان و لە دوورهاتووی لێ بوو، چێشتخانە و نەوای هەموو خەڵک بوو، ڕۆژانە یەک (مکوک ونیو)[٥٠] گەنم دەخورا و سەرف دەبوو، نموونەی دەسکراوەیی و بەخشندەیی بوو، جێگەی متمانەی خەڵکی خەڵکی ئاوایی (القصیر) بوو، وتارو وەعزی پێشکەش دەکرد پێوەندییەکی پتەو دڵسۆزانەی لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە دروستکردبوو، ناوو ناوبانگی بە باشە ڕۆیشتبوو، مورید و دڵسۆز و جێنشین و لایەنگری لە هەموو شوێنێک پەیدا بوون. چەندان کار و چالاکی لە شاری حەلەب ئەنجام دا جێ پەنجەی بەسەر ڕۆژگاری خۆی دیار بوو، هەمیشە مزگەوتی حەلەب (الاموي) جمەی دەهات لە وەعز و ئامۆژگاری و کار و چالاکی، یەکێک لە کار و چالاکییەکانی کۆبوونەوەی بوو لەگەڵ (فەرهاد پاشا م: ٩٦٨ک/١٥٦٠ز)ی سەرۆکی میرانی حەلەب لە ساڵی (٩٦٤ک/١٥٥٦ز) هەر لەو دانیشتنە داوای لە فەرهادپاشا کرد بڕیارێک دەربکات بەمەبەستی قەدەغەکردنی بێ بەندوباوی و سۆزانی وزیناکارەکانی شاری ئەنتاکییە، کە تیرەیەک بوون بەناوی (القرجیة - قەرەج) کردبوویانە پیشە، فەرهاد پاشا زۆر ڕێز و پێزانینی بۆ نیشاندا، دوای ئەم دیدارە هەڤدیتن و دانیشتن و دۆستایەتیان بەردەوام بووە. لە ساڵی (٩٦٨ک/١٥٦٠ز) کۆچی دوایی کرد. (ابن الحنبلي،١٩٧٢، ٢٦٩/١/١-٢٧١).

**تەوەری چوارەم: کەسایەتییە کوردەکان لە خاوەن پیشەکان و چینی گشتی**

ژیننامەکانی نێو کتێبی (در الحبب) جۆراوجۆرن. هەموو چین و دەستە و کۆمەڵەکانی لەخۆ گرتووە لەنێویشیان خاوەن پیشە کوردەکان ئاماژەیان بۆ کراوە. ئەو کەسایەتییە کوردانەی لە کتێبی (در الحبب) ئاماژەیان بۆ کراوە (الشیخ شهاب الدین الکردي) شافیعی مەزهەب، بە پۆشاک ئەحمەدی، لە یەکێک لە حوجرەیەک لە حوجرەکانی مزگەوتی حەلەب سەرقاڵی کاری دروستکردن و نەخشاندنی کەوان (القسي) بوو بەئاوزێڕ، وێڕای ئەمەش لای (شیخ عثمان الکردي) ی مامی خەریکی زانست و زانین بوو، لای مامی مایەوە تا کۆمەڵێک دەستخەت خۆش هاتنە لای یەکێک لەوانە باوکی مێژوونووس (ابن الحنبلي) بوو، لە یەکێک خەسڵەتەکانی زۆر گرنگی بە شرۆڤەکردنی کتێبی (بدیعیة ابن حجة) دەدا شارەزاییەکی وردی دەربارەی پەیدا کردبوو لەکاتی گفتوگۆ و مشتومڕ هەمیشە لە بەرانبەرەکەی دەبردەوە بە بەڵگە دەیسەلماند. لە ساڵی (٩١٧یان٩١٨ک/١٥١١-١٥١٢ز) مردووە. هۆکاری مردنەکەی دەوترێت ڕۆژێکیان خەریکی سەرکەوتنی نهۆمی دووەمی حوجرە دەبێت، لەو دەمەدا یەکێکی تر خەریکی گەسک دانی حوجرەکە دەبێت، شتێک لە پەنجەرەوە فڕێدەدات بەسەری (الشیخ شهاب الدین) دەکەوێت، بەردەبێتەوە سەر زەوی یەکجار دەڵێت (اللە) ئیتر لە هۆش خۆی دەچێت و چەند ڕۆژێکی کەم دەژیت دواتر دەمرێت. (ابن الحنبلي،١٩٧٢، ١٨٠/١/١).

لەنێو هەولێرییە نیشتەجێکانی حەلەب، ناوی (عبداللە بن محمود الاربلي الحلبي البویضاتي م: ٩٢٣ک/١٥١٧ز) تۆمارکرایە. حانوتێکی بەناوبانگی هەبوو لەبازارۆچکەی علي (سویقیە علي)، هێلکە و باینجانی سورکراوە و تورشیاتی لێ ئامادە دەکراو دەفرۆشرا، بەپێی گێڕانەوەی مێژوونووسی حەلەبی (ابن الحنبلي) شوێنی کۆبوونەوەی خەڵکی حەلەب بوو، سەردانیان دەکرد بۆ خواردن و بەسەربردنی کاتێکی خۆش. (ابن الحنبلي، ١٩٧٣، ٢/١/ ٧٢٤-٧٢٥).

هەروەها (علاء الدین بن ولي الدین الاربلي ثم الحلبي الطبیب) ناسرابوو بە (ابن ولي م:٩٢٦ک/ ١٥١٩ز). حانوتێکی هەبوو لە بازاڕی (الزردکاشیة)ی حەلەب. سەرقاڵی دروستکردنی (الزردیات و اللبوس) بوو. ئەوەی لە ژیاننامەی دەردەکەوێت، لە پاڵ ئەو پیشەی، نمونەی پزیشکێکی لێهاتووی نێو کۆمەڵگەی حەلەبی بوو لە ڕێزی پزیشکە زیرەکەکان لە زانستی پزیشکی ئەژمارکراوە و پێگەیەکی تایبەتی هەبوو لە لایەن دەسەڵاتداران و خەڵکی حەلەب، دەست ڕەنگین و لێهاتوو بوو لە پێشکەشکردنی چارەسەری پێویست بۆ ئەو نەخۆشانەی ڕوویان تێدەکرد، لەسەر دەستی پزیشکێکی عەجەمی بەناوی (أبوبکر شاە) پزیشکی خوێند. ساڵی (٩٢٦ک/١٥١٩ز) لە حەلەب کۆچی

دوایی کرد لە لای مامۆستاکەی لە زانستی پزیشکی (ابوبکر شاە) نێژرا. (ابن الحنبلی، ١٩٧٣، ١/١/ ٩١٧-٩١٨).

کەسایەتیی کوردی خەڵکی ئامەد (محمد الحلبي المعروف بابن الامدي). یەکێک لە بازرگانە هەرە دیارەکانی حەلەب بوو، لە ڕۆژگاری دەسەلاتداریەتی سوڵتان سەلیم (٩١٨-٩٢٦ک/١٥١٢-١٥٢٠ز) ی عوسمانی چووە شاری ترابزۆن، دوایی ئەم سەروەت و داراییەی هەژارکەوت و تووشی دەستکورتی هات، بووە هەژارترین کەسی موسڵمانان، باری گوزەرانی بۆ نزمترین ئاست دابەزی، سەروەت و سامانێکی زۆری لە بازاڕی کار لەدەست چوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەک کەسێکی ورەبەرز و شکۆمەند و سەربڵند مایەوە. (ابن الحنبلي،١٩٧٤، ١٥٩/١/٢).

بازرگانێکی دیکەی کوردی ئامەدی لە کتێبەکەدا ناوی هاتووە (عبدالغفار بن عبدالله الامدي، ثم الحصني ثم الدمشقي م: ٩٦٦ک/١٥٥٨ز) بە دارتاشی دەستی پێکرد پاشان بووە یەکێک لە بازرگانە هەرە گەورە و نقوڵاکانی ڕۆژگاری خۆی، دۆست و هاوڕێی (سيدي علوان الحموي) بوو، لەڕووی سەلیقە و دونیابینییەوە سۆفیانە و دونیانەویست بوو، لە زۆربەی بۆنە و ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان ئامادە بوو. لەسەر گڵکۆی (سيدي علوان) گومەزێکی بەرزی بنیاد نا کە هاوشێوەی کەشتی ئەندازەکێشی و دیزاینی بۆ کرد لەسەر شێوەی گومەزی پێشەوا شافیعی دیزاینکراوە وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی کە خاوەنی ئەم گۆڕە کەشتی زانست وزانیاری بوو، هەندێک کەس ڕێگربوون کە ئارامگەکەی نۆژەنبکرێتەوە ئەم گومەزەی لەسەربکرێت و لەسەر شێوەی کەشتییەک هەڵبچنرێت، وەک باسدەکرێت ئەم پرسە مشتومڕێکی زۆری بەدوای خۆی داهێنا و کۆسپو تەگەرەی بۆ دروست کرا. لە دیمەشق کۆچی دوایکرد. (ابن الحنبلي،١٩٧٢، ١/١/ ٨١٦-٨١٧).

ژینامەکانی کتێبی (در الحبب) هەمەجۆرن، هەموو خاوەن پیشەکانی کۆمەڵگەی لەخۆ گرتووە، لەنێویشان بەرگدرووەکان. ئەو کەسایەتییە کوردەی سەرقاڵی پیشەی بەرگدووریین بوو، ناوی (شمس الدين بن عبدالخالق الحصني- الحصكفي الخياط م: ٩٧٦ک/١٥٥٩ز) لەناوچەی خۆی (حەسەنکێف) ناسرابوو بە )ابن دره - باوکی دوره[٥١]. پیاوێکی دڵگیر و ڕۆحسووک، قسەخۆش و گاڵتەباز، قسەلەڕوو بێ پەردە لە گفتوگۆدا، لە هەر شوێنێک و کۆڕێک بوایە دەیکردە بەزم و بازاڕی خۆی وەک ڕووگە خەڵک ڕووی تێ دەکرد، گەلێک هۆنراوەی لەبەر بوو، لەوانە هۆنراوەی شاڵی- بەرامپیلی «الموشحات» و هۆنراوەی دووبەیتی-جووت سەروا بە ئاوازەوە لەبەربوو هەروەها چەندان شێوە هۆنراوە و هەڵبەستی تر. بەپێی گێڕانەوەکانی مێژونووسی حەلەبی کاتێک لە حەلەب ئاکنجی بوو هەر سەرقاڵی پیشەی بەرگدووری بوو. (ابن الحنبلي، ١٩٧٢، ١/١/ ٦٨٧-٦٩٣).

کتێبی (در الحبب) ژینامەی هەموو چین ودەستەکانی نێو کۆمەڵگەی لەخۆ گرتووە کەسانی ناسراو و بەناوبانگ ئاماژەیان بۆکراوە یەک لەو میوزگژەنە ناسراوانەی ناوی هاتووە (محمد الالاني الفرضي المشهور بالبزرة م: ٩٤٩ک/١٥٤٣ز) دەگەڕێتەوە بۆ هۆزی (الالاني) لە بەناوبانگترین مۆسیقاری حەلەب بوو ناوبانگی بە وڵاتی شام و میسر بڵاوببۆوە، شارەزایەکی تەواوی هەبوو لە هونەر و زانستی مۆسیقا بە تایبەتی لە ئامێری سەمتور (الطنبور) هەروەها گۆرانی وتن، هەتا سوڵتانی مەملوکی (الاشرف قانصوه الغوري ٩٠٦-٩٢٢ک/١٥٠١-١٥١٦)، داوای لە جێگری حەلەب (خير بک٩١٠-٩٢٢ک/١٥٠٥-١٥١٧ز) کرد (محمد الالاني) بۆ بنێرێتە قاهیرە، ناوبراو لەگەڵ گروپە هونەریەکەی چونە دیداری سوڵتانی غوری، دەستی کرد بە ژەننی مۆسیقا بەجۆرێک کاریگەری کردە سەر هەستی و نەستی سوڵتان. بەپێی زانیارییەکانی مێژوونووسی حەلەبی، (محمد الالاني) لە کۆتاییەکانی تەمەنی لە کاری هونەری دوورکەتۆتەوە ورووی کردۆتە خواپەرستی خۆی سەرقاڵ کردووە بە خوێندنی قورئانی پیرۆز تاکۆتایی تەمەنیشی لەسەری بەردەوام بووە. (ابن الحنبلي ١٩٧٣، ١/٢/ ٣٧٨-٣٧٩).

سەرگوزشتەی کەسانی ناودار بەتایبەتی ئەوانەی ناتەواوی لە عەقڵ و ژیرییان هەبووە لەبیرنەکراون، ئەوەی ئاماژەی بۆکراوە (مويسو الكردي) شێتۆکەی بەتەمەن بوو، لە بازاڕەکان دەخەوت لە لای ئاگردانی چێشتلێنەرەکان و گوێی بە گەرمای ئاگر نەدەدا بەردەوام لە بەردەرگەی

نانەواخانەو خواردنگەکان دەوەستا، خواردنی بەدەستی خۆی وەردەگرت، خاوەن خواردنگەکان نەیاندەگەڕاندەوە وەکوو بەرەکەت سەیریان دەکرد. ئەو ڕێبوارانەی کە بینیبویان کە بۆ حەلەب دەچوو زۆر بەخێرایی دەرۆیشت لە ڕێگە و هەرچەندە ڕێبوارەکان هەوڵیان دەدا ڕێگەنەدەن بەو خێراییە بڕوات بەڵام ئەو هەرپێشیان دەکەوت تادەگەیشتە شوێنی مەبەست. ساڵی (٩٦٣ک/١٥٤٦ز) کۆچی دوایی کرد لە دەرەوەی دەرگەی (النیرب) بەخاک سپێردرا. (ابن الحنبلي، ١٩٧٣، ٢/١/ ٤٩٨-٤٩٩).

**ئەنجام**

لە ئەنجامی قووڵبوونەوە بەنێو هەردوو بەرگ و بەشی تۆمارە مێژووییەکەی **(ابن الحنبلي)** کە بە ناونیشانی **(دُرُ الحَبَب في تاريخ أعيان حَلَب)** ە، و خستنەرووی زانیارییەکان دەربارەی کەسایەتییە کوردەکانی نێو ئەم کتێبە دەرکەوت:

١. کتێبی (در الحبب فی تاریخ اعیان حلب) تۆمارێکی مێژوویی دانسقەیە، زانیارییەکانی ڕەسەن و نوێ و دەگمەنن دەربارەی کەسایەتییە کوردەکان، ئەو زانیاریانە لە سەرچاوەی مێژوویی دیکە نەهاتووە، بووەتە سەرچاوەیەکی مێژوویی بنەڕەتی بۆ مێژوونووسانی دوای خۆی. سەبارەت بە کورد یەکەم سەرچاوەیە لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست ئاماژەی بە هۆزی (بزێنی)ی کوردی کردووە.

٢. ئەگەرچی ژینامەی کەسایەتییە کوردەکان لەم کتێبە نزیکەی چل کەسایەتی کورد دەبێت بەژمارە زۆر نیە بەڵام وردەکاری تەواوی دەربارەی کەسایەتییە کوردەکان لەم شارە تۆمارکردووە هەر لەناو و ناساو و ساڵ و شوێنی لەدایک بوون و کۆچکردنی بەووردی هەروەها ئەرک و پیشەی خاوەن ژینامەکە و تەواوی وردەکارییەکانی ژیانی خراوەتە ڕوو. ئەو وردەکاریانە لەسەرچاوەی دیکەی تۆمارنەکراوە.

٣. کورد لە شاری حەلەب وەکوو یەکێک لەپێکهاتەی نەتەوەیی شارەکە بە ئەرکی خۆیان هەڵساون لە خزمەتکردنی شارستانیەتی ئیسلامی. ئەم شارە مەڵبەندی چڕبوونەوەی چەندان ماڵبات و خانەوادە و هۆزی کورد بوو کە ناسنامە و ڕەسەنایەتی خۆیان پاراستبوو. شانازیان بەکورد بوونی خۆیان دەکرد ناساوی نەتەوەیی یا هۆز یا بنەماڵەی خۆیان لەدەست نەدا بوو لەپاڵ ناساوی نەتەوەیی کوردی، حەلەبی ناساوی دووەمیان بوو.

٤. زانایانی کورد سەردەستەی زانایانی شارەکە بوون، بەدەگمەن لە ژینامەی زانایەک بەرچاو دەکەوێ لای زانایەک یا چەند زانایەکی کورد زانستی وەرنەگرتبێ. ئەمەش بەرزی پێگەی زانستی زانا و ناودارانی کورد دەردەخات لە شارەکە، شان بەشانی زانایانی نەتەوەکانی دیکە سەرکەوتووبوون لە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی نەوەیەکی دەوڵەمەند بە زانست و زانین بەتایبەتی لە زانستە نەقلیەکان. هەر لەم ڕوانگەیەوە دانەری کتێب پێوەندییەکی پتەوی زانستی لەگەڵ زانایانی کورد پەیداکرد، لای زانایانی کورد دەرسی خوێند و زانستی وەرگرتووە هەروەها قوتابیانی کورد زانست و بروانامەیان لای ئەو وەرگرت.

٥. چاکترە مێژوونووسان هەمان ڕێچکە بگرنەبەر لە نووسینەوەی مێژوو، چونکە مێژوونووس ژینامەی هەموو دەستە و چینەکانی نیو کۆمەڵگەی تۆمارکردووە، ئەمەش دەبێتە ئاماژەیەک بۆ نەمری بیرەوەریەکان، گومانی تێدانیە میللەت مەبەست و ئامانجی مێژووە. مێژوو لە ڕاستیدا مێژووی هەموو خەڵکە نەک تەنیا مێژووی ژیانی سەرۆک و سەرکردەو پاشایان و ناوداران، لەم بوارەشدا کوردانی نیشتەجێی شاری حەلەب بە چین و دەستە جیاوازەکان لەم تۆمارە مێژووییەی مێژوونووس (ابن الحنبلي) ئاماژەیان بۆ کراوە لە بەرگدروو و بازرگان و گۆڕانیبێژو میوزگ ژەن و خەڵکانی خاوەن پیشە و هەر کەسێکی ناسراو لە کۆمەڵگە.

**پەراوێزەکان:**

١. الربعي: ئەم ناساوە دەگەڕێتەوە بۆ بۆ هۆزی عەرەبی (ربيعة) کە لەناوی (ربيعة بن نزار بن معد بن عدنان) وەرگیراوە لە: (السمعاني، ١٩٦٢، ٤/١-٥٣).

٢. التادفي: ئەم ناساوە دەگەڕێتەوە بۆ تادف گوندێکە دەکەوێتە دووری چوار فەرسەخ لەحەلەب لەدۆڵی (بطنان) لەناوچەی

بزاعـة. ( ياقـوت الحمـوي، ١٩٩٥، ٦/٢؛ ابـن الحنبـلي، ١٩٧٣، ٦/١/١ پەراوێـزی ژمـارە (١٣)".

٣. القـادري: ئـەم ڕێبـازە سـوفیگەریە دەگەڕێتـەوە بـۆ (عبدالقـادر الكيـلاني ٤٧١-٥٦١ك/١٠٧٧-١١٦٦ز). (الغـزي، ١٩٩٧، ٢٥١/١-٢٥٢).

٤. العـمادي: ئـەم نـاوە دەگەڕێتـەوە بـۆ ئامێـدی یەکێـک لە شـارەکانی مووسـڵ بـوو لـە بـەشی باکـوری، لـە قـەڵاکانی هـکاری بـوو. (ياقوت الحمـوي،١٩٩٥، ١٤٩/٤).

٥. القصيـري: ئـەم نـاوە دەگەڕێتـەوە بـۆ ناوچـەی القصیـر لـە ناوچـەی چیـای (السـمعان)، (٢٧٠كـم) لـە حەلـەب دوورە، بـە ڕێگەیەگـی خـۆڵ بەحەلـەب بەسـتراوەتەوە. (الحنبلـي،١٩٧٢، ٢٦٩/١/١، پەراوێـزی ژمـارە (٢) وەرگیـراوە لـە: التقسـيمات الادارية، ص٣١٥). شـارۆچکەیەکی گرێـدراوی ئەنطاکیـە بـوو لەرۆژئـاوای حەلـەب، قەڵایەکـی پتـەوی هەیـە هـەر بـەم نـاوە نـاسراوە، سـاڵی (٦٦٦ك/١٢٦٧ز) لـەڕووی کارگێڕیـەوە خرا سـەر حەلەب، ئەم شـارە گرنگتریـن مەڵبەنـدی بڵاوبوونـەوە و نیشـتەجێ بـوونی کـورد بـووە. ابـن الجيعـان، ١٩٨٤، ٦٠).

٦. الباكـزي: باكـز يـا باكرا گوندێکـە لە ناوچەی (القصیـر)ی گرێدراوی حەلەب. (ابـن الحنبلي، ١٩٧٢، ١٣٦/١/١).

٧. الآلانـي: ئـالانی: ناوێکـی کۆنـە لـە مێـژووی کـورد دا،مەمـی ئـالان پاڵـەوانی داسـتانی کوردی(مەمـی ئـالان)ە، (ئالانی)یـەک لـە شـارۆچکەکانی کوردسـتانە،کە مەغۆلـەکان لەسـەرتای دەسـەڵاتیان دروسـتیان کـرد بـووە قـەڵا و ناحیەیـەک سـەر بـە ویلایـەتی درتنـک (حلـواني کـۆن). ئـالالانی تایفەیەکـی کـوردن لـە شـاری حەلـەب ئەندامـانی سـەر بـە تایفـە کوردیـە ڕۆڵـی بەرچاویـان هەبـووە. (ابن الحنبـلي، ١٩٧٣، ٥٠٤/١/٢؛ زرار صديـق توفيـق،٢٠١٠، ٣٠).

٨. الحصكفـي: ئـەم نـاوە دەگەڕێتـەوە بـۆ حصـن کیفـا، یـەک لەقـەڵا و شـارە بەناوبانگـەکانی دیاربکـرە لـە هەرێمـی جەزیـرە، مەڵبەندی ژمارەیـەک هـۆز وسـەرداری کـورد بـووە، لـە بەناوبانگ تریـن هۆزە کوردیـەکان مهـراني، بەشـنەوی، ورشـان، شـکاك وچەنـدان هـۆزی دیکـە. (ياقـوت الحمـوي، ١٩٩٥، ٢٦٥/٢؛ بنـگلي، ٢٠٠٥، ١٨٤).

٩. المسـايرة: پەرتووکی (المسـايرة في العقائد المنجية في الاخرة) تایبەت بـە بـواری بیروبـاوەڕ، لەدانراوەکانی (شـيخ الامام كـمال الدين محمد بـن همام الديـن م: ٨٦١ك/١٤٥٧ز) ناسراو بە (ابـن الهمام). (حاجي خليفة، ١٩٤١، ١٦٦٧/٢).

١٠. الزغل-زيـف النقـود – سـاختەکاری لـەدراو: بریتـی لـە فێڵکـردن لـە دراو بـە کەمکردنـەوەی ڕێژەیـەک کانـزا بەنرخەکـە یـا کـەم کردنـەوەی کێـشی دراوەکـە. (طرخـان، ١٩٦٨، ٥٢٣).

١١. السـندي: یـەک لـە هـۆزە کوردیـە گـەورەکانی کوردسـتانە، "بـە ژمـارە لـە هەمـوو هـۆزە کوردیـەکان زۆردتـرن"، لەنێـو کـوردەکان نزیکـەی سـێ هـەزار شـەرکەریان هەبـووە دەسـەڵاتیان بەسـەر ناوچـە شـاخاویەکانی نێـوان باشـووری جەزیرەی بۆتـان و ڕۆژهەڵاتی ڕووبـاری دیجلـە هەبوو،ئـەو ناوچانـە ئەمـرۆ بـە قـەزای زاخـۆ دەناسرێـن. (العمـري، ١٤٢٣هــ، ٢٧٢/٣؛ زرار صديـق توّفيق، ٢٠١٠، ١٦١-١٦٢؛ زرار صديـق توّفيـق،٢٠٠٠، ١٣٢/١٠٦).

١٢. العبـاسي: لـە ئاماژەیەکـی کـورتی (ابـن الحنبـلي) هاتـووە بنەچـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ عەبباسـی مامـی پێغەمبـەر (سـڵاوی خـوای لێبێت) . لەڕاسـتیدا گەڕاندنـەوەی بنەچـە و نـەژاد بـۆ بنەماڵـەی ئومەوی و عەبباسـی بنەمایەکـی دروسـت و زانسـتی نیـە، ئـەم بانگەشـانە بـۆ بـە پیرۆزکـردنی خۆیـان و بنەماڵەکانیـان بـوو. (همـزە کاکـە یاسـین، ٢٠١٤، ١٠١). ئـەم بۆچوونـە دوورە لـە ڕاستیەوە ئەمانـە نەژادیـان کـوردە و دەگەڕێنـەوە بۆ هۆزی سـندی بەناوبانگ. هەروەها بەپێی زانیارییـەکانی مێـژووی نووسی دیمەشـقی لـە ژیننامـەی نەوەیەکیان ئامـاژەی بـەوە کـردوە کـە ئـەو بنەماڵەیـە لـە بنەڕەتـدا کـوردن و لەسـەر پەیـڕەوی مەزهـەبی شـافعین لەکۆنـدا بـاب و باپیرانیـان کۆچیـان کردیـە بـۆ حەلـەب و بەشـێک لەنەوەکانیـان لـە دیمەشـق نیشـتەجێ بووینـە. (البورينـي،١٩٦٣، ٢٧/٢).

١٣. خوێندنگـەی العادلیـة: لـە دەقەکـە دەردەکـەوێ مەلیـک العـدل بـن أبي بكـر الايـوبي لە حەسـەنکێف بنیـاتی نا.(ابـن الحنبـلي، ١٩٧٢، ٢٠٢/١/١ پەراوێـزی ژمـارە (٧) ).

١٤. تحفـة الفوائـد لـشرح العقائـد: ئـەو کتێبـە بریتییـە لـە پەراوێزنووسـییەک بـۆ پەرتووکـی (العقائـد النسـفية)ی ڕاڤـەی (التفتـازاني م: ٥٣٨ك/١١٤٣ز). (حاجـي خليفـة، ١٩٤١، ١١٤٦/٢).

١٥. كشـف الـدرر فـى الـشرح المحـرر: لەدانـراوی پێشـەوای ڕاڕەوەی شـافعی (أبـو القاسـم الرافعـي القزوينـی م:٦٢٣ك/١٢٢٦ز). (حاجي خليفـة، ١٩٤١، ١٦١٢/٢).

١٦. الرافعـي والنـووي: دوو لـە پێشـەوا گـەورەکانی مەزهەبی شـافعین. الرافعـي (م: ٦٢٣ك/١٢٢٦ز) و النـووي (م: ٦٧٦ك/ ١٢٧٧ز). بەهرەمەنـد بوو لە فەرموودەو شـەرعناسی. (الـزركلي، ٢٠٠٢، ٥٥/٤-٥٦، ١٤٩/٨-١٥٠).

١٧. العصرونيـة: لەقوتابخانـە بەناوبانگـەکان بوولەنێـو شـاری حەلـەب، لـەوکاتی ئـەو خوێندنگـە و زانسـتگەیە پێشـکەوترین ونایابتریـن بوو لـە نـاو تـەواوی خوێندنگـەکان خاوەنـی ناوێکـی درەوشـاوە بـوو گەورەترین و شـارەزاترین مامۆسـتا و شـەرعزان لەوێبـوون، نزیکەی بیسـت یاریـدەر (معيد) کاریان تێدا دەکرد تایبـەت بوو بە خوێندنی مەزهـەبی شـافعی، ناسرابـوو بـە العصرونيـة لەبـەر ئـەوەی(شرف الديـن ابـن ابي عـصرون) یەکـەم کـەس بـوو لـەم مزگەوتـە دەسـتی

بـە وانە وتنـەوە کرد. (ابن العديـم، ١٩٩٦، ٣٣٢؛ ابن الشـحنة،١٩٨٤، ١١٠؛ طلـس،١٩٥٦، ٢٢٦).

١٨. شـيخ بـدر الديـن الشـافعي السـيوفي: لەبـارەی ژيـان و پێگـەی ئەم زانايـە بروانـە توێژینـەوەی (يحيـى، ٢٠٢٢، ٢١٣/١/٥-٢٤٨).

١٩. کيخيـا: يـا کتخـدا يـا کتخـداي - کوێخـا: دوو زاراوەی فارسـيە، بەکاردەهێـنرا بـۆ خـاوەن پۆسـتە سياسيەکانی وەکـوو جێگـر يـا بەڕێوەبـەری کاروبـارەکان. (ابن الحنبـلي، ١٩٧٢، ١٠٢/١/١ پەراوێزی ژمـارە (١) ).

٢٠. (محمـد بـن محمـد بـن داود البـازلي الکـردي، کـمال الديـن) زانايەکـی پايەبـەرز و پێگەيەکـی ديـاری هەبوو، جێگرايـەتی قازيەتی لـە ديمەشـق وەرگـرت لەگـەل شـێخايەتی خوێندنگـەی (الشـامية). لەديمەشـق کۆچـی دوايـی کـرد ڕۆژی (شـەممە/ نـۆزدەی شـەوال) سـاڵی (٩٢٣ک/ ١٥٢٦ز) لەکاتێکـدا باوکـی لەژیانـدابـوو. (الغـزي، ١٩٩٧، ١٩/١-٢٠).

٢١. خوێندنگـەی المخلصيـة: لەسـەرچاوەکانی بەردەسـت هيـچ زانيـاری دەربـارەی ئـەم خوێندنگەيـە بەردەسـت نەکەوتـووە.

٢٢. خوێندنگـەی الحلاويـة: دەکەوێتـە گەڕەکـی (جـب اسـد اللـە) لـە حەلـەب، لەکۆنـدا کلێسـە بـوو دايکـی ئیمپراتـۆر (قسـتنطين) ی گـەورە بنيـاتی نا، بنەماڵەی (الخشـاب) لە حەلـەب کرديانە مزگەوت دواتـر مەليـک (نـور الديـن محمـود) نـۆژەنی کـردەوە و چەنـد خانوێکـی تێـدا بنيـات نـا بـۆ مانـەوەی زانايـان. (الغـزي،١٩٩٨ ، ٢/ ١٦٧-١٦٨).

٢٣. چاودێـری وەقفـەکان - ناظـر الاوقـاف: لەئەرکـە بـەرزەکان بـوو لەسـەردەمی مەماليـک بـۆ چاودێريکـردنی خەرجـی وەقفـەکان لەمزگەوتـە بچـوک و گـەورەکان و خانەقـا و پەناگـە و گۆشـە ئايينيـەکان (الربـط و الزوايـا) و قوتابخانـەکان، لـەو زەويانەی بۆيان تايبـەت و دابينکـرا بـوو لەسەرتاسـەری حەلـەب، ئـەو کەسـەی بـۆ ئـەم پۆسـتە هەڵدەبژێـردرا لەلايـەن جێگـری سـوڵتان لـە حەلـەب دەسـت نيشـان دەکـرا. (القلقشـندي،١٩٨٧، ٢٢٧/٤، ٣٩).

٢٤. مـلا محمـد بدليـسي: أبـو الفضـل محمـد بـن ادريـس البدليـسي م:٩٨٢ک/١٥٧٤ز) دانـەری پەرتووکـی (قصـص الانبيـاء). (البغـدادي، د.ت، ٢٢٨/٤).

٢٥. مـلا محمد بير قلعي: لە سـەرچاوەکانی بەردەسـت هيـچ زانيارييەک لەبارەی تۆمـار نەکراوە.

٢٦. کتێبـی (القصـاری) لەدانـراوەکانی )ابـن حجـر العسـقلاني م:٨٥٢ک/١٤٤٨ز) تايبـەت بەزانسـتی (الـصرف). (حاجـي خليفـة،١٩٤١، ١٣٢٧/٢).

٢٧. قاسـم بـن جهانکيـر بـن سـلطان بـن حسـن بـک: لەميـرەکانی ئـاق قوينلـو- مەری سـپی) لقـی ماردين و ئامەد، سـاڵی (٨٩٣ک/١٤٨٧ز) حوکمـی وەرگـرت بـەردەوام بـوو تاکـو سـاڵی (٩٠٨ک/١٥٠٢ز). (زامبـاور، ١٩٥١، ٣٨٥/٢).

٢٨. زاويـەی (الشـيخ عبدالکريـم الخـافي): پەناگـە وگۆشـەی الشـيخ عبدالکريـم الخافی،ناسراو بـە گۆشـەی الکريميە،ئـەو گۆشـەيە دەگەڕێتـەوە بـۆ (الشـيخ عبدالکريـم الخـافي الصـوفي م: ٨٨٤ک/١٤٧٩ز)، شـوێنی ئـەو گۆشـەيە دەکەوێتـە گەرەگـی دەرگـەی بـاب قنسريـن لەبەرانبەر گەرمـاوی (الجوهري)، لـە کۆندا مزگەوتێکـی بەناوبانـگ بـوو بـە نـاوی مزگـەوتی (المحصب) لەسـەر يـەک لـە دەرگـەکانی نـووسراوە لە سـەردەمی صـلاح الديـن ئەيووبی کاری نوێکردنـەوەی بـۆ ئەنجام دراوە. (الغـزي ١٩٩٨، ٩٧/٢؛ الطباخ، ١٩٨٩، ٣٠٣/٥؛ طلـس، ١٩٥٦، ٩٢).

٢٩. خوێندنگـەی اليشـبکية: ئـەم قوتابخانەيـەش دەکەوتـە کۆتايـی بـازاری النشـابين لـە حەلـەب لـە لايـەن ئەمیـر يشـبک سـاڵی (٨٢٤ک/١٤٢١ز) بنيـات نـرا. )سـبط ابـن العجمـي، ١٩٩٦، ٤٢٧/١؛ الغـزي، ١٩٩٨، ٦٣/٢؛ قلعـة جـي، حامـد صـادق، ٢٠٠٦، ١٣١).

٣٠. خوێندنگـەی الشرقيـة: دەکەوێتـە سـويقيەحاتم، سـاڵی (٥١٧ک/١٢٤٢ز) لەلايـەن (الامـام شرف الدين أبو طالب عبدالرحمن ابـن العجمـي) بنيـات نـرا، وەقفێکـی چاکـی بـۆ دابيـن کـرا. (ابـن الشـحنة، ١٩٨٤، ١١٢؛ طلـس،١٩٥٦، ٩٠).

٣١. مزگـەوتی النارنجـة: دەکەوێتـە بازارۆچکەی علي لـە حەلەب لەلايەن (الشريـف أبـو المنصـور سـعيد بـن عبداللـە بـن محاسـن بـن صالح) ئاواکـرا. (الغـزي، ١٩٩٨، ١٨٩/٢؛ طلـس، ١٩٥٦، ٢٠٧).

٣٢. أبـو رجل: ئـەوەی لەبـارەی تايبەتمەنديەکانی جەسـتەی تۆمـار کراوە ڕەنگـی ڕەشـتالە بـوو، يەک لەقاچـەکانی زۆر ئاوسـاو گـەورە بووبوو بۆيـە ناسـناوی خاوەن پێيەکـە (أبو ڕجل) بوو. (ابـن الحنبلي، ١٩٧٢، ١٣٤/١/١).

٣٣. مزگـەوتی تغـري بردي: ئـەم مزگەوتە ناسرابوو بەنـاوی (تغري بردي) ی جيگـری سـوڵتان لـە حەلـەب. لـە نزيـک گەڕەکـی تورکمانـەکان سـاڵی(٧٩٦ک/ ١٣٩٣ز) بنيـات نـرا لەلايـەن (ابـن طومـان) .(ابـن الشـحنة،١٩٨٤، ٧٣؛ طلـس، ١٩٥٦، ١٥٣).

٣٤. مزگـەوتی منـکلي بغا: بە مزگـەوتی ڕۆميش ناسرابوو، جێگری سـوڵتان لـە حەلـەب (منـکلي بغـا الشـمسي) سـاڵی (٧٦٨ک/١٣٦٥ز) بنياتی نا لـە نزيـک دەرگـەی قنسريـن، لـە باشـترين مزگەوتـەکان بـوو ئاواکرا بەشـێوازێکی تۆکمە،) سـبط ابـن العجمـي، ١٩٩٦، ٢٤١/١-٢٤٢؛ ابن الشـحنة، ١٩٨٤، ٧٣).

٣٥. مزگەوتی الحولية: زانياری تۆمارکراو لەبارەی نيە.

٣٦. الـلاذن: جـۆرە دەرمانێکـی شـێداره لـە کاتـی لەوڕانـی بـزن بـە

مـووی بزنـەوە دەنووسـێت بـۆ گیربـوون و ئیسـهال بـوون باشـە. (الفیروزآبـادي، ٢٠٠٥، ١٢٣٠/١).

٣٧. العینـي: ئـەم نـاوە دەگەڕێتـەوە بـۆ شـاری مێژوویـی (رأس العیـن - سـەرێ کانـی) لـە هەرێمـی جەزیـرەی فـوراتی. (یاقـوت الحمـوي، ١٩٩٥، ١٣/٣).

٣٨. خوێندنگـەی الشـاذبختیة: لـە خوێندنگـە کۆنـەکانی شـارە حەلـەب بـوو لەلایـەن (الامیـر جـمال الدیـن شـاذبخت الاتابکـي الهنـدي) ی جێگـری (ملیـک نور الدیـن محمـود) سـاڵی (٥٨٩ک/١١٩٣ز) بنیات نـرا لـە ناوەڕاسـتی بـازاری (الـزرب) لـە ڕۆذئـاوا قـەڵای حەلـەب، مێژوونـووس (ابـن العدیـم م:٦٦٠ک/١٢٦١ز) لـەو خوێندنگەیـە دەرسی خوێنـد. (ابـن الشـحنة، ١٩٨٤، ١١٦؛ الغـزي، ١٩٩٨، ٧٨/٢).

٣٩. پۆشـاکی طیلسـان: جلوبەرگـی نەتـەوەی عەجـەم بـوو، ڕەنگـی سـەوز بـوو لەلایـەن خەڵـکانی تایبەت لـە زانـا و شـێخ و پایەبەرزان دەپـۆشرا، (أدي شـیر، ١٩٨٨، ١١٣).

٤٠. خوێندنگەی البلاطیبة: دەکەوێتە دەرەوەی دەرگەی المقام، لە ڕۆژهەلاتی زاویەی خایر بک، الامیر حاج البلاط دوادار میر اینال، جێگری سوڵتان لە حەلەب بنیاتی نا. )ابن الشحنة،١٩٨٤، ٢٣٦، طلس، ٢٥٠).

٤١. الملک الکامل: لە زنجیرەی بنەماڵەی ئەیووبیەکانە کە دەسـەلاتداری حصـن کیفـا بـوون، سـاڵی (٨٥٦ک/١٤٥٢ز) دەسـەڵاتداری حصـن کیفا بـوو. (زامبـاور،١٩٥١، ١٥٩/١).

٤٢. سـلطان حسـن بـک: (سـلطان حسـن بـک بـن قریلـوک ٨٢٨-٨٨٢ک/١٤٢٤-١٤٧٨ز) لـە میـرەکانی ئاق قوینلـوی فەرمانڕەوای عێـراق و ئازربیجـان و دیاربکـر. کۆتایـی بـە دەسـەڵاتی بنەماڵـەی ئەیووبی لـە حصـن کیفـا هێنـا. (زامبـاور، ١٩٥١، ٣٨٤/٢).

٤٣. مصابیـح السـنة: لـە دانـراوی پێشـەوا (حسـین بـن مسـعود البغـوي م:٥١٦ک/١٢٤١). (حاجـي خلیفـة، ١٩٤١، ١٦٩٨/٢).

٤٤. شـێیخایەتی الزینیـة: ئەرکـی شـێخایەتی و گەورایـەتی خانەقـاکان لـە ئەرکـە ئایینیـە بـەرزەکان بـوو، لـە سـەردەمی مەمالیـک. (القلقشـندي،١٩٨٧، ٣٩/٤). سـەبارەت بـە خانەقـای الزینیـە: باڵەخانەیەکـی فراوانـە، دەکەوێتـە بەرانبـەر خانەقـای الناصریـە لـە ڕۆژهـەڵاتی قوتابخانـەی الهاشـمیة. (الغـزي، ١٩٩٨، ١١٤/٢-١١٥).

٤٥. مێژونووسی دیمەشـقی ئامـاژەی بـۆ ئـەوە کـردووە نـاوی (عبـدو) لـە بنەڕەتـدا (عبدالرحمـن)ە، کـوردەکان بـۆ نـاوی (عبدالرحمـن یا عبدالرحیـم) نـاوی (عبـدو) بەکاردەهێنـن. (العـرضي، ١٩٨٧، ٨٩).

٤٦. الاقـرع: لـە چیـاکانی ئەنطاکیـەی گرێـدراوی حەلـەب بوو،دەکەوتـە باکـوری ڕۆژئـاوای حەلـەب، نـاسراوە بـە الاقـرع لەبەر ئـەوەی هیچ گـژ وگیایەکـی لـێ ناڕوێـت. (ابـن العدیـم،د.ت، ٤٤١/١).

٤٧. البالکـي: گروپێکی بـە ژمارە کەم دەدرێنە پـاڵ زەرزاری، بۆیان وەک کۆمـەک وان، بەنـاوی گوندەکەیـان باڵـکان دەناسرێـن. (العمـري، ١٤٢٣، ٢٦٧/٣؛ زرار صدیـق، ٢٠١٠، ٣٧).

٤٨. البناني: ئەم ناوە دەگەڕێتەوە بۆ گوند (بنان) کە سەر بە ئیدارەی چیای (سمعان) بوو، (٤٣کم) لە حەلەب دوورە. (ابن الحنبلي، ١٩٧٢، ٤٤/١/١ پەراوێزی ژمارە (٢) وەرگیراوە لە التقسیمان الاداریة، ٣١٣).

٤٩. مێژونـووس (الغـزي م: ١٠٦١ک/١٦٥٠ز) بـە ناسـناوی کـوردی ژیننامـەی تۆمارکـردووە. بڕوانـە: (الغـزي، ١٩٩٧، ١٥٥/٢).

٥٠. مکـوک: واتـە ڕبـە: لەپێوانـەی سـوری دەکاتـە دەکاتـە (١٩ سـنبل)، هـەر سـنبلێک دەکاتـە یـەک و نیـو ڕەتـل، هـەر ڕەتلێـک دەکاتـە (٣,٢٠٦ کغـم) گەنـم. (ڤالـتر هنتـس، ١٩٧٠، ٦٣،٧٨).

٥١. (ابـن دره - باوکـی دوره) بـەدوور نازانـرێ لـە وشـەی (بەرگدوریـن – دووریـن) وەرگیرابـێ، ئـەو ناسـناوە کورتکـراوەی ناوی پیشـەکەی بووبـێ کـە بەرگدووریـن بوو.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوە ڕەسەنەکان


**البورینـي،** حسـن بـن محمـد البورینیـی (م: ١٠٢٤ک/١٦١٥ز)، (١٩٥٩)، تراجـم الأعیـان مـن أبنـاء الزمـان، تحقیـق: صـلاح الدیـن المنجـد، دمشـق.

**ابـن الجیعان،** شرف الدیـن یحیی بن المقرئ (ت:٨٨٥هـ/١٤٨٠م)، (١٩٨٤)، القـول المسـتطرف في سـفر مولانـا الملـک الاشرف او (رحلة قایتبـاي الی بلاد الشـام سـنة ٨٨٢هـ/ ١٤٧٧م)، تحقیق: عمر عبدالسـلام تدمري، لبنان.

**حاجـي خلیفـة،** مصطفـی بـن عبدللـە (ت:١٠٦٧هـ/١٦٥٦م)، (١٩٤١)، کشـف الظنـون عـن اسـامي الکتـب و الفنـون، منشـورات مکتبـة المثنـی، بغـداد.

**الحمـوي الدمشـقي،** محمـد أمـین بـن فضـل اللـە بـن محـب الدیـن بـن محمـد المحبـي الحمـوي الأصـل، الدمشـقي (المتوفی:١١١١هــ)، (د.ت)، خلاصـة الأثـر في أعیـان القـرن الحـادي عـشر، دار صـادر، بـیروت.

**ابن الحنبلي،** رضي الدین محمد بن ابرهیم بن یوسف الحنبلي(ت:٩٧١هـ/١٥٦٣م) ، (١٩٧٢، ١٩٧٣، ١٩٧٤)، در الحبب في تاریخ أعیان حلب، تحقیق: محمود أحمد الفاخوري ویحیی زکریا عبارة، دمشق.

**ابـن الحنبـلي،** رضي الدیـن محمـد بـن ابرهیـم بـن یوسـف الحنبلي(ت:٩٧١هـ/١٥٦٣م)، جهـود ابـن الحنبـلي اللغویـة مـع تحقیـق کتابـە عقـد الخـلاص في نقـد کلام الخـواص،(١٩٨٧)، تحقیـق: نهاد حسـوبي صالـح، مؤسسـة الرسالة، بـیروت.

**الخفاجي،** شـهاب الدین أحمد بن محمد بن عمر الخفاجي (ت:١٠٦٩هـ)، (١٩٦٧) ، ریحانـة الألبـا وزهـرة الحیـاة الدنیـا، تحقیـق: عبدالفتـاح محمد الحلـو، مطبعـة عیسی البـابي الحلبي، حلب.

**سـبط ابـن العجمـي،** أحمـد بـن إبراهیـم بـن محمـد بـن خلیـل، موفـق

الديـن (ت: ٨٨٤هــ /١٤٧٩م)، (١٩٩٦م)، كنـوز الذهـب في تاريـخ حلـب، دار القلـم، حلـب.

**السـخاوي**، شـمس الديـن ابوالخيرمحمـد بـن عبدالرحمـن بـن محمـد (ت:٩٠٢هــ /١٤٩٧م)،(د.ت)، الضـوء اللامـع لأهــل القـرن التاسـع، دار مكتبـة الحيـاة، بـيروت.

**السـمعاني**، عبـد الكريـم بـن محمـد بـن منصـور التميمـي السـمعاني المـروزي، أبـو سـعد (ت: ٥٦٢هــ/ ١١٦٦م)، (١٩٦٢م)، الأنسـاب، تحقيـق: عبـد الرحمـن بـن يحيـى المعلمـي اليـماني وغـيره، مجلـس دائـرة المعـارف العثمانيـة، حيـدر آبـاد.

**ابـن العديـم**، أبو القاسـم كـمال الدين عمر بـن احمد بن هبة للـه الحلبي (ت: ٦٦٠هــ/١٢٦١م)، (د.ت)، بغيـة الطلـب في تاريـخ حلـب، تحقيـق : سـهيل زكار، دار الفكـر للطباعـة والنـشر، بيروت.

**ابـن العديـم**، أبو القاسـم كـمال الدين عمر بـن احمد بن هبة للـه الحلبي (ت: ٦٦٠هــ/١٢٦١م)، (١٩٩٦)، زبـدة الحلـب في تاريـخ الحلـب، وضـع حواشـيه،خليل المنصـور، دار الكتـب العلميـة، بـيروت.

**العـرضي**، أبـو الوفـاء بـن عمـر الحلبـي العـرضي (ت:١٠٧١هــ/١٦٦٠)، (١٩٨٧)، معـادن الذهـب فـی أعيـان المشرفـة بهـم حلب، حققـه و شرحه: الدكتـو محمـد ألتونجـی، حلـب.

**ابـن العـماد الحنبلي**، ابو الفلاح عبد الحـي (ت:١٠٨٩هـ/١٦٧٨م). (١٩٨٦)، شـذرات الذهـب في أخبـار من ذهـب، تحقيق :محمود الآرنـاووط، دار ابن كثير، بيروت.

**العمـري**، شـهاب الدين احمد بن يحيى بن فضـل لله(ت: ٧٤٩هـ/١٣٤٨م). (٢٠٠٠)، مسـالک الأبصـار في ممالـک الأمصار،تحقيـق : أحمـد عبدالقـادر الشـاذلي ، ابـو ظبي.

**الغـزي**، نجـم الديـن (ت:١٠٦١هــ/١٦٥٠م)،(١٩٩٧)، الكواكـب السـائرة بأعيـان المائـة العاشرة، تحقيـق: خليل منصور، دار الكتـب العلمية، بيروت.

**الغـزي**، شـمس الديـن ابـو المعـالي محمـد بـن عبدالرحمن بن الغـزي (ت: ١٣١٥هــ/ ١٨٩٧م)، (١٩٩٨)، نهـر الذهـب في تاريخ، دار القلم، ط٢، حلب.

**الفـيروز أبـادي**، مجـد الديـن محمـد بـن يعقـوب (ت:٧٢٩هــ/١٣٢٨م)، (٢٠٠٥)، القامـوس المحيـط، دار الفكـر، تحقيـق: مكتـب تحقيـق الـتراث في مؤسسـه الرسـالة بـاشراف محمـد نعيـم العرقسـوسي، مؤسسـه الرسـالة للطباعـة والنـشر والتوزيـع، ط٨، بـيروت.

**القلقشـندي**، احمـد بن عـلي(ت: ٨٢١هــ/ ١٤١٨م)، (١٩٨٧)، صبح الأعشى في صناعـة الأنشـاء، شرحـه وعلـق عليـه وقابـل نصوصـة، محمـد حسـين شـمس الديـن، دار الكتـب العلميـة، القاهـرة.

**النـووي**، أبـو زكريـا محيـي الديـن يحيـى بـن شرف النـووي (المتـوفى: ٦٧٦هــ/١٢٧٧م)، (١٩٩١م)، روضـة الطالبين وعمدة المفتـين، تحقيق: زهير الشـاويش، المكتـب الإسـلامي، بـيروت، ط٣، عـمان.

**ياقـوت الحمـوي**، شـهاب الدين بـن عبدلله (ت: ٦٢٦هــ/١٢٢٩م)، (د.ت)، معجـم البلـدان، دار صادر،بيروت.

**دووەم : ژێدەرەکان**

**أدي شـير**، (١٩٨٨) ،كتـاب الالفـاظ الفارسـية المعربـة، الطبعـة الثانيـة، القاهـرة.

**البغـدادي**، اسـماعيل بـن محمـد أميـن بـن ميـر سـليم البابـاني البغـدادي، (ت:١٣٩٩هــ)، (د.ت)، ايضـاح المكنـون في الذيل على الكشـف الظنون عن السـامي الكتـب والفنـون، بيروت.

**بنـگلى**، سـيبان حسـن عـلي، حصـن كيفـا دراسـة في تاريخهـا السـياسي والحضـاري (١٢٠٠-١٣٠٠م)، (٢٠٠٥)، دارسـبيريز للطباعـة والنشر، دهوک.

**زامبـاور**، (١٩٥١)، معجـم الانسـاب والاسرات الحاكمـة مـن التاريـخ الاسـلامي، ترجمـة: زكـی محمـد بـک وحسـن أحمـد وآخـرون، مطبعـة جامعـة فـؤاد الاول، القاهـرة.

**الزركلي**، خيرالدين،(٢٠٠٢)، الأعلام، دار العلم للملاين، بيروت.

**الطباخ، محمد راغب الحلبي**، (١٩٨٩)، أعلام النبلاء بتاريخ حلب الشهباء، صححه وعلق عليه: محمد كمال، دار القلم العربى،ج٥، ج٦ ، حلب.

**محمـد أسـعد طلـس**، (١٩٥٦)، الآثـار الاسـلامية والتاريخيـة في حلـب، مطبعـة الترقـي، دمشـق.

**محمـد كـرد عـلي**، محمد بن عبد الـرزاق (ت: ١٣٧٢هــ)، (١٩٨٣م)، خطط الشـام، مكتبة النوري، ط٣، دمشـق.

**محمـد رواس قلعجـي و حامـد صـادق**، (١٩٨٨)، معجـم لغـة الفقهـاء، بيـروت.

**كحالـة، عمـر رضـا**، معجـم المؤلفـين،(د.ت)، دار احيـاء الـتراث العـربي للطباعـة والنـشر، بـيروت.

**زرار صديـق تۆفيق**، (٢٠١٠)، هۆزو دەسـەڵاتە هۆزەكيـەكان هۆزەكيەكان كوردييـەكان چاخـی ناوەڕاسـت، وەرگێـرانی: ئيدريـس عەبـدوڵا مستەفا، دەزگای موكريـانی، هەولێـر.

**زرارصديـق توفيـق**، (٢٠٠٠)، امـارة زاخو المهرانية، مجلـة مەتين، (دهوک) ، العدد : ١٠٦.

**همـزە كاكـە ياسـين**، (٢٠١٤)، كورد لە كتێبی (مسـالک الابصـار في ممالک الامصـار)ی ابـن فضـل اللـه العمـري، تێـزی دكتـۆرا، كۆليـژی ئەدەبيـات، زانكـۆی سـەلاحەددين، هەولێر.

**ڤالـتر هنتـس**، (١٩٧٠م)، المكاييل والاوزان الاسـلامية ومـا يعادلها في النظام المـتري، ترجمة: امل العسـلي، عمان.

**يحيى، سازگار عثمان**، (٢٠٢٢) ، البدر السيوفي الاربلي ڕۆڵی لە زانست و فتوا، گۆڤاری توێژەر - زانكۆی سۆران، (سۆران: ٢٠٢٢). ژمارە (٥).

**الملخص:**

يحمـل هـذا البحـث عنـوان: الشـخصيات الكورديـة في كتـاب (دُرُ الحبَـبَ في تاريـخ أعيـان حلـب) للمـؤرخ الحلبـي، (إبـن الحنبـلي ت: ٩٧١هـ/١٥٦٣م)، إنهـا دراسـة تاريخيـة للشـخصيات الكورديـة في هـذا الكتـاب. سـجل تاريخـي مميـز ورد فيـه سـير شـخصيات كورديـة، والمعلومـات المتضمنـة فيـه تعـد مـن أوثـق المعلومـات التأريخيـة. تتنـوع السـير الذاتيـة للشـخصيات الكرديـة في هـذا السـجل، بمـا في ذلـک؛ حيـاة أصحـاب المناصـب الإداريـة والدينيـة والقضـاة والمفتيـن المشـهورين وكبـار العلـماء والفقهـاء، وحيـاة النـاس في الطبقـة العامـة مـن الموسـيقيين والخياطيـن والتجـار، وأي شـخص معـروف بـين النـاس. هـذا السـجل التاريخـي هـو المصـدر الأول في تاريـخ العصـور الوسـطى، ورد فيـه إسـم (بُزَيْـن- بزێنـی) ، إضافـة إلى إعتبارهـا قبيلـة كورديـة.

الكلمات المفتاحية: در الحبب، ابن الحنبلي، مؤرخ، حلب، الكرد.

## :ABSTRACT

*This research* '' Kurdish Personalities in the Historian Ibn-Alhanbaly's (971 A.H/ 1563A.D) Book *: "Durr Al-habab fi Tarikh Aayan Hlab"* is a historical research deals with the Kurdish personalities mentioned in this book which is a unique record relating the life of the notable personalities in Aleppo City.The book is considered to be a source of original historical records.The biographies of Kurdish personalities in these records are diverse; They comprise different classes and associations ranging from the biographies of the administrative and religious posts, judges, famous Mufties, notable scientists, legislators along with biographies of common people as musicians ,tailors, merchants or any other people known for their craftsmanship. This historical record is the first source in the history of the medieval centuries that mentioned the name of (Buzain - Bzeni) as a Kurdish tribe.

Key Words: Dur Al-habab,Ibn AL-Hanbaly,Historian,Aleppo, Kurd.